تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5900) یەک شەممە 29ی کانوونی یەکەم 2019 «12» لاپەڕە «500» دینار

ڕاگەیەنراوێک لە بارەگای بارزانییەوە:

سەرۆک بارزانی سکاڵای لەسەر هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە

لە ڕاگەیەندراوێکدا بارەگای بارزانی هەواڵێک ڕەتدەکاتەوە، کە لە هەندێک سایتی کوردی و عەرەبی بڵاوبووەتەوە و باس لەوە دەکات، گوایە کەسێک لەسەر سکاڵای سەرۆک بارزانی دەستگیرکراوە. **ئەمەش دەقی ڕاگەیەنراوەکەی بارەگای بارزانی:**

لە چەند سایتێکی کوردی و عەرەبی هەواڵێک بڵاوبووەتەوە، گوایە لەسەر سکاڵای سەرۆک بارزانی هاوواڵاتییەکی عێراقی بە تۆمەتی ناوزڕاندن لە شاری نەجەف دەستگیرکراوە. لێرەدا بە هەموو لایەک ڕادەگەیێنین، ئەم بابەتە دوور و نزیک پەیوەندی بە سەرۆک بارزانییەوە نییە و سەرۆک بارزانی سکاڵای لەسەر هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە و بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری بابەتی لەمشێوەیە نین و پەیوەندیشمان پێوە نییە.

ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی

ڕاگەیەنراوێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە:

بە لێکگەیشتن و گیانێکی نیشتمانییانەی بەرپرسانە، مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن

ئاڵۆزبوونی زیاتری دۆخەکە، خەریکە ولات بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەبات

پێویستە داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران و بەرژەوەندییەکانی وڵات لە دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران ڕەچاو بکرێن



سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە دۆخی عێراق، داوا دەکات هەموو لایەک بە لێکگەیشتن و گیانێکی نیشتمانییانەی بەرپرسانە، مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ئاراستەی ڕای گشتی کراوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە بارەی دۆخی عێراقەوە هۆشداری دەدات و گوشار خستنە سەر سەرکۆمار بەرهەم سالح بە نادەستووری دەزانێت. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

بە نیگەرانییەکی زۆر و لە نزیکەوە چاودێریی دۆخی عێراق و پێشهاتەکانی دەکەین کە لە قەیرانێکی قوواڵدایە. لە کاتێکدا مەترسیی ناسەقامگیری و ئاڵۆزبوونی زیاتری دۆخەکە، خەریکە وڵات بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەبات، ئەرکی هەمووانە بە لێکگەیشتن و گیانێکی نیشتمانییانەی بەرپرسانە، مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن و دوور لە فشاری سیاسی، بە میکانیزمە دەستوورییەکان قۆناغەکە دەرباز بکرێت.

لە بابەتی ڕاسپاردنی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراقدا، دیارە سەرکۆمار بەڕێز د. بەرهەم سالح دوور لە میکانیزم و بنەمای دەستووری، کەوتووەتە ژێر فشارێکی زۆرەوە. لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە هەموو چارەسەرێک دەبێ لەسەر بنەمای دەستوور و بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان بێت.

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کاندیدێکی نیشتمانی بۆ سەرۆک وەزیران کە مایەی مشتومڕ نەبێت و لەلایەن هێزە کاریگەرەکانەوە قبوووڵکراو بێت، پێویستە داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران و دۆخ و بەرژەوەندییەکانی وڵات لە دەستنیشانکردنیدا ڕەچاو بکرێن، هاوکاریی حکوومەتی ئایندەش بکرێت بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقاڵیی داهاتوو و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی تازە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/28

بنکەی سەربازیی K1 لە پارێزگای کەرکووک بە مووشەک کرایە ئامانج

ژمارەیەک چەکداری نەناسراو بەمووشەک هێرشیان کردە سەر بنکەی سەربازیی K1 باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک. لەم بارەیەوە ئەفسەر لە پۆلیسی کەرکووک، حامد عوبێدی ڕایگەیاندووە، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو ئێوارەی ڕۆژی هەینی بە دوو مووشەک بنکەی سەربازیی K1یان لە باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک، کردە ئامانج.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

عەلا مەکی: هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتێکی پێشکەوتووە

سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێت، پێویستە هاوپەیمانان لەبارەی سەرهەڵدانەوەی داعش بێنە سەرهێڵ بۆ ئەوەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگەنە ڕێککەوتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، چونکە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتێکی پێشکەوتووە و شانازی پێوە دەکەین و پێویستە نموونەیەک بێت بۆ عێراق و ئەوانیش چاو لە هەرێمی کوردستان بکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەڵامی ڕاکان جبووری دەداتەوە:

پارێزگارێک کە بە بڕیارێکی بەغدا سەپێنرابێت، ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی شارێک بدات

ئەگەر هێزی پۆڵاینی پێشمەرگە نەبوایە دوور نەبوو کەرکووکیش تەسلیم بە داعش بکرێت



ڕۆژی 2019/12/23 پۆرتاڵی دەزگای میدیایی ڕووداو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕاکان جبووری پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت کردووە، پارێزگار دەیەوێت وای نیشان بدات کە دۆخی کەرکووک ئاساییە، لە کاتێکدا لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دۆخی شارەکە بەرەو خراپ و خراپتر دەچێت، ئەو پرۆسەکەی ناوناوە "سەپاندنی یاسا" وەک ئەوەی بەر لە 16ی ئۆکتۆبەر یاسا لە کەرکووک بەرقەرار نەبووبێت، پارێزگارێک کە بە بڕیارێکی بەغدا سەپێنرابێت، ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی شارێک بدات، بەڵکو بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان و جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور دەبێت کە دادگای ئیتیحادیش جەختی لەسەر بەهاو پێویستی جێبەجێکردنی کردۆتەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بەهۆی زیادبوونی هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە

سوپای عێراق هێزی پشتیوانی ڕەوانەی باشووری کەرکووک کرد

بەهۆی زیادبوونی هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، سوپای عێراق هێزی پشتیوانی ڕەوانەی باشووری کەرکووک کردووە. دوێنێ شەممە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، سەعاد حەبیبیە ڕایگەیاند، یەکەکانی لیوای 34ی سوپای عێراق و ژمارەیەکی زۆر تانک و پارچە چەکی قورس ڕەوانەی باشووری شارەکە کراون. حەبیبیە ئاماژەی بەوەش داوە، ئامانج لە ڕەوانەکردنی ئەو هێزە بۆ ڕێگریکردنە لە هێرشەکانی داعش لە گوندەواری باشووری کەرکووک.

دەستەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆمار و تێکچوون و لێکترازانی زیاتری نێومااڵی شیعەکان

هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ دەستەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی، دۆخێکی نوێی لە عێراق هێناوەتە ئاراوە و دۆخە سیاسییەکەی ئاڵۆزتر کردووە، پێدەچێت کوتلە شیعییەکان لەسەر کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران ڕازی بن کە خواستی شەقامی لەسەر بێت. عێراقییەکان کاردانەوەی جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە ئاماژەکانی بەرهەم سالحی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ دەستەکارکێشانەوەی لە ئاکامی بەرەنگاربوونەوەی لە بەرامبەر ئەو لایەنە عێراقییانەی سەر بە ئێران، واتا ئەوانەی پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی نوێ بۆ وڵات لە هەناوی دەسەاڵتەوە بێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

فینلاند هێزەکانی لە عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەگوازێتەوە

سوپای فینلاند کۆتایی بە ئەرکی هێزەکانیان هێنا لە باشووری عێراق و بڕیاریداوە هێزەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان بگوازێتەوە. ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر بنەمای هەواڵێکی ماڵپەڕی وتیسیتی فینلاندی بڵاویکردەوە، کە سوپای فینلاند سااڵی 2020 کۆتایی بە ئەرکی هێزەکانیان لە عێراق دەهێنێت و سەرجەمیان بۆ شاری هەولێر دەگوازرێنەوە. ئەم سەرچاوەیە ڕاشیگەیاندووە، هێزەکانی فینلاند کۆتایی بە مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی عێراق دەهێنن و دوای گواستنەوەیان بۆ شاری هەولێر لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لەگەڵ ئەو تیمەیان کە لە کوردستانن دڕێژە بە ئەرکەکانیان بۆ مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکان دەدەن. هێزەکانی سوپای وڵاتی فینلاند ژمارەیان نزیکەی 80 ئەفسەرو سەربازە و ئەرکیان مەشق و ڕاهێنانە بە هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و لە سااڵی 2015 ـەوە لە عێراق و کوردستان بەشدارن لە ئەرک و چاالکییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق: ئەگەر بەرهەم سالح نامەکەی نەکێشێتەوە بەدەستەکارکێشراوە هەژمار دەکرێت

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ڕایگەیاند، ئەگەر لە ماوەی هەفتەیەکدا سەرکۆمار، بەرهەم سالح ئەو نامەیە نەکێشێتەوە کە ئاراستەی پەرلەمانی کرد و تیایدا ئامادەیی بۆ دەستەکارکێشانەوە دەربڕیبوو، ئەوا بە دەستەکارکێشراوە هەژمار دەکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا مەسیح



رۆژی 2019/12/24 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی و جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا مەسیح درودی خوای لەسەر بێت، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برایانی کریستیان لە کوردستان و عێراق و جیهان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی و جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا مەسیح درودی خوای لەسەر بێت گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خوشک و برایانی کریستیان لە کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم و هیوای شادی و بەختەوەریان بۆ دەخوازم.

لەم بۆنەیەدا جەخت لەسەر قوولترکردنی فەرهەنگی پێکەوەژیان و برایەتیی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دەکەم و ئومێدی ئەوەیش دەخوازم خوشک و برا کریستیانەکانمان هەموو جەژن و بۆنە و خۆشییەکانیان لە ئارامی و تەباییدا بەڕێ بکەن و، ئاشتی و برایەتیش باڵ بەسەر ناوچەکەماندا بکێشێت.

مسعود بارزانی
2019/12/24

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحەوە



بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (کریسمس). مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کریستیانەکانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (کریسمس)، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم. هیوادارم لە کەشێکی ئارام و ئاسوودەدا جەژن بەسەر ببەن.

هەرێمی کوردستان وەک مەڵبەندی بەیەکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینی دەمێنێتەوە. شانازیش دەکەین کە پەناگەیەک بووە بۆ میواندارێکردنی سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر و لەناویشیاندا مەسیحییەکانی عێراق و ناوچەکە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش درێغی نەکردووە و بەردەوامیش دەبێت لەدابینکردنی ئارامی و دڵنیایی و یارمەتیدانی هەموو ئەوانەی لەبەر ستەم و زۆرداری پەنای بۆ دەهێنن.

هیوادارین شەڕو نەهامەتیی لەناوچەکە و جیهان بە گشتی کۆتایی پێ بێت و ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی سەقامگیر ببێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/12/24

پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت)



بەبۆنەی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) گەرمترین پیرۆزبایی لە خوشک و برا کریستیانەکانی هەرێم کوردستان بەتایبەتی و، عێراق و جیهان بەگشتی دەکەین، هیوادارین هاتنەوەی ئەو یادە مایەی خۆشی و شادی هەموولایەک بێت.

هەرێمی کوردستان هەمیشە لانەی پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی و لێبووردەیی و نموونەیەکی ڕاستەقینەی شەبەنگی برایەتی نێوان پێکهاتەکانی بووە، لەو سۆنگەیەوەش ڕۆڵی خوشک و برایانی کریستیانی کوردستان لە قوبڵکردنەوەی ئەو کولتوورە دێرینە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و ڕوبەڕووبوونەوەی ستەم و چەوسانەوە گرنگ و کاریگەر و بەرچاو بووە، بۆیە دڵنیاین ڕەگوریشەی ئەو شارستانیەت و میژووە دەوڵەمەندە هەردەم ئاوا پتەوتر و بەهێزتر دەبێت.

جارێکی دیکەو لەو دەرفەتەدا پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ خوشک و برایانی مەسیحی دووپات دەکەینەوە و جەخت دەکەینەوە سەر زیاتر چەسپاندنی پەرەنسیپی پێکەوەژیان و گیانی لێبووردەیی لە نێوان گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکاندا.

جارێکی دیکە جەژنتان پیرۆز بێت و هەر ڕۆژێکتان جەژن و شادی و بەختەوەری بێت...

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/25

عارف روشدی: دەبێ سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق ڕەچاوی مافەکانی کوردستان بکات



عارف روشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاند: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ عێراق بەرەو تەنگەژەی زیاتر دەڕوات و سەرکردەکانی ئێستای عێراقیش لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیان ناتوانن گوێ لە داواکاری یەکتری بگرن و هەوڵی جدی نادەن گوێ لەخواستەکانی خەڵک بگرن، بۆیە ئاسۆیەکی گەش نابینن بۆ دۆخی ئێستای عێراق. عارف روشدی لە لێدوانێکدا بۆ باسنیوز ئاماژەی بە خواستی خۆپیشاندەرانی عێراق بۆ نەهێشتنی سەرۆکایەتییەکانی وڵاتەکە و پێکهێنانی حکوومەتی کاتیی کاربەڕێکەر کردووە و ڕایگەیاندووە، خواستی خەڵک ئەوەیە حکوومەتی نوێ کار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات. لەبارەی مەرج و داواکاریی پارتی لە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاندووە، پارتی کار بۆ ئەوە دەکات، کە پرۆسەکە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و عێراق تەواو بێت و سەرۆکوەزیرانی نوێش ڕەچاوی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برا کریستیانەکان کرد



هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەبۆنەی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح درودی خوای لەسەر بێت، جوانترین پیرۆزبایی لە خوشک و برایانمان لە کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم، هیواخوازم ئەم جەژنە بە خۆشی و ئارامی بەسەربەرن. هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژوو لانکەی پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و هەمیشە پەناگەیەکی ئارام بووە بۆ خوشک و برایانمان لە پێکهاتەی کریستیان و هەموو ئەو ئاوارە کریستیانانەی کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، و هەرواش دەمێنێتەوە، داوامان لە هەموو لایەک ئەوەیە کە ئەم سەقامگیری و پیکەوە ژیان و فرەنەتەوەیی و ئایینیەی کوردستان بپارێزن و ئەو نموونە جوانەی لە کوردستان هەیە پەرەی پێبدرێت. جارێکیتر پیرۆزبایی ئەو جەژنەتان لێ دەکەم، هەمیشە لە ئارامیدا بن.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بنکەی سەربازیی K1 لە پارێزگای کەرکووک بە مووشەک کرایە ئامانج

پێنتاگۆن: لە هێرشەکەدا بەڵێندەرێکی ئەمەریکی کوژراوە و چوار سەربازیش بریندارببوونە



ژمارەیەک چەکداری نەناسراو بەموشەک هێرشیان کردە سەر بنکەی سەربازیی K1یان لە باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک، کردە ئامانج.

حامد عوبێدی ئاماژەی بەوەشکرد کە لە ئاکامی هێرشەکەدا کارمەندێکی ئەمنی بریندارببووە، هاوکات هیچ زیانێک بەر کەولوپەلە سەربازییەکانی نێو بنکە سەربازییەکە نەکەوتووە.

ئەفسەرەکەی پۆلیس ڕاشیگەیاند، دوای ڕووداوەکە هێزە ئەمنییەکان لە ناحییەی یایچی دەستیان بەسەر ئۆتۆمبێلێکدا گرت کە موشەکەکانی ئاراستەی بنکە سەربازییەکە کردبوو. هەر بە گوتەی عوبێدی، لەنێو ئۆتۆمێلەکەدا دەست بەسەر چەند موشەکێکدا گیراوە.

بەڵام بە گوتەی بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش "پێنتاگۆن "لە هێرشەکەدا بەڵێندەرێکی ئەمەریکی کوژراوە و هەروەها چوار سەربازیشیان بریندارببوونە.

تووندی وەڵامی دەدەنەوە.

جێی باسە سەربازگەی کەی وەن دەکەوێتە ڕۆژئاوای کەرکووک و پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بارەگای میحوەری چواری هێزەکانی پێشمەرگە بوو و ئێستاش هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی، هێزەکانی ئەمەریکا و دژەتیرۆری عێراقی تێدان.

لەکاردانەوەی ئەم ڕووداوەشدا سەرچاوەیەکی ئەمنی بە ماڵپەڕی سۆمەریبیە نیوزی ڕاگەیاندووە، دوای ئەوەی بنکەی کەی وەن لە کەرکووک بەر هێرشی ڕۆکێتی کەوت، هێزەکانی ئەمەریکا ڕێوشوێنی ئەمنی تووندوتۆڵ یان لە بنکەی ئاسمانی عەین ئەسەد لەڕۆژئاوای ئەنبار گرتۆتەبەر.

سەرچاوەکە گوتیشی: بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو فڕۆکە بەسەر ئاسمانی بنکە دەسووڕێنەوەو سەیری هەموو جموجۆڵێک دەکەن ، کە ئامانج لێی هێرشکردنە سەر بنکەکە بێت.

ئومێدەوارین هەرێمی کوردستان نموونەیەک بێت بۆ عێراق

عەلا مەکی: هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتێکی پێشکەوتووە



سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێت، پێویستە هاوپەیمانان لەبارەی سەرهەڵدانەوەی داعش بیننە سەرهێڵ بۆ ئەوەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگەنە ڕێککەوتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، چونکە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتێکی پێشکەوتووە و شانازی پێوە دەکەین و پێویستە نموونەیەک بێت بۆ عێراق و ئەوانیش چاو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

د. عەلا مەکی، نوێنەری پارتی ویفاقی نیشتیمانیی سوننە لە هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە، سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان مەترسیدارە و لە هەموو ناوچەکان سەربان هەڵداوەتەوە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێنە سەرخەت، هەروەها لەگەڵ عێراقدا قسە بکەن و ئەو پرسە چارەسەر بکرێت و ڕێگە نەدرێت جارێکی دیکە داعش بەهێز ببێتەوە، چونکە لە ئێستادا جارێکی دیکە سەریان هەڵداوەتەوە.

مەکی گوتیشی: پێویستە حکوومەتی عێراق هەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی بە هاوبەشی ڕووبەڕووی داعش ببنەوە تا ئەو ئەمنییەتەی دروست بووە، جارێکی دیکە تێک نەچێت، چونکە ئەو ئەمنییەتەی هەیە، بە خۆێن بەدەستهاتووە. ئەو سەرکردەیەی سوننەکان باسی لەوەشکرد شانازی بە هەرێمی کوردستانەوە دەکەین کە هاوشێوەی وڵاتێکی پێشکەوتووە و ئومێدەوارین عێراقیش وەکو هەرێمی کوردستان بێت و هەرێمی کوردستان نموونەیەک بێت بۆ عێراق، بۆ ئەوەی چاوی لێ بکەن، ئەمەش مجامەلە نییە و واقیعێکە و هەموو خەڵکی هەستی پێ دەکەن و دەیبینن.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/29 ژمارە (5900)
خەبات

پەیامی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



بە بۆنەی کۆتاییهاتن و سەرکەوتنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بە گەرمی پیرۆزبایی لە یەک بە یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی بالای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتیی یەکێتی و تەواوی کادیران و ئەندامان و لایەنگرانی دەکەم، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق خاوەن ئامادەیی و پێگەیەکی کاریگەرە، بە سەرکەوتنی کۆنگرەکەی دەتوانێ رۆڵێکی باشتر بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق و خزمەتکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی و دروستکردنی یەکڕیزی و تەبایی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکاندا بگێڕێت.

هەر لەم بۆنەیەدا بە ڕێزەوە یادی جەنابی سەرۆک مام جەلال دەکەینەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/27

پەیامی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح

ڕۆژی 2019/12/24 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و کریسمس، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برایانی کریستیان لە هەرێمی کوردستان، عێراق و جیهان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و کریسمس، بە گەرمی لە خوشک و برایانی کریستیان لە هەرێمی کوردستان، عێراق و هەموو ئەوانە پیرۆز دەکەم کە لە هەر شوێنێکی جیهان ئەم جەژنە دەگێڕن، جەژن و پشوویەکی خۆش و ئارامیان بۆ دەخوازم و هیوادارم ئەم جەژنە لەگەڵ خۆیدا خێر و خۆشی و ئارامی و ئاشتەوایی بۆ هەموان بهێنێت.

لەم یادە پیرۆزەدا، دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە لانکەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و تەبایی و ئاشتەوایی بۆ هەموو پێکهاتەکانی دەمێنێتەوە و لەپێناو ئاشتی و ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکەشدا لە هەوڵی بەردەوامدا دەبێت.

کریستیانان لە هەرێمی کوردستان خاوەن و پێکهاتەیەکی ڕەسەنی وڵاتن کە هەمیشە پێکەوە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا بە لێبووردەیی و تەبایی و ئاشتەوایی ژیاون و ڕۆڵیان لە پاراستن و بنیاتنان و پێشخستنی هەرێمی کوردستاندا هەیە. جەژن و یاد و بۆنەکانی ئەوان هی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە و جەژن لە هەمووان پیرۆز بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/24

دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆمار و تێکچوون و لێکترازانی زیاتری نێومالّی شیعەکان

زانکۆ جاف: خەبات

هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ دەست لەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی، دۆخێکی نوێی لە عێراق هێناوەتە ئاراوە و دۆخە سیاسییەکەی ئاڵۆزتر کردووە، پێدەچێت کوتلە شیعەیەکان لەسەر کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران ڕازی بن کە خواستی شەقامی لەسەر بێت. عێراقییەکان کاردانەوەی جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە ئاماژەکانی بەرهەم سالّحی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ دەست لەکارکێشانەوەی لە ئاکامی بەرەنگاربوونەوەی لە بەرامبەر ئەو لایەنە عێراقییانەی سەر بە ئێران، واتا ئەوانەی پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی نوێ بۆ وڵات لە هەناوی دەسەلاتەوە بێت.

ئاڵۆزییەکانی نێومالّی شیعە

هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ دەست لەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی، دۆخێکی نوێی لە عێراق هێناوەتە ئاراوە و دۆخە سیاسییەکەی ئاڵۆزتر کردووە، پێدەچێت کوتلە شیعەییەکان لەسەر کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆک وەزیران ڕازی بن کەخواستی شەقامی لەسەر بێت. نامەکەی بەرهەم سالّح سەرۆک کۆماری عێراق بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، کە ڕاسپاردنی کاندیدی کوتلەی بونیاتنانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ڕەتکردەوە و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ دەست لەکارکێشانەوە، دۆخی عێراقی بردە قۆناغێکی نوێوە. هەڵوێستە نوێ یەکەی سەرۆک کۆماری عێراق، کوتلە شیعەیە دەسەلاتدارەکانی تەواو تووڕە و شەقامی عێراقیشی دڵخۆش کردووە، بەڵام کوتلە شیعەییەکان لە دۆخێکدان، سەرباری تووڕەبیان، ناتوانن هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بەرامبەر سەرۆک کۆمار وەربگرن.

خەڵک ناڕواتەوە مالّ، تا داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرێت

حەسەن جیهاد ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، بەدەنگی ئەمەریکای گوتووە "سەرۆک کۆمار وازهێنانی لە پۆستەکەی پێ باشترە، تا کاندیدکردنی کەسێک کە گەل پێی ڕازی نەبێت، چونکە ئەمە کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە". ئەوەشی گوتووە: گرەوەکان لەسەر ماندوو کردنی خەڵکی عێراق و جێهێشتنی شەقام شکستیان هێنا، خەڵک ناڕواتەوە مالّ، تا داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرێت. نامەکەی سەرۆک کۆمار بۆ پەرلەمانی عێراق، بەشێک لەلایەنە شیعەکانی تەواو تووڕەکرد، بەتایبەت ئەو لایەنانەی کە لە ئێرانەوە نزیکن و خەڵک لە دژیان ڕاپەڕیوە، بۆیە "هەڕەشەکردن" لە سەرۆک کۆمار بە خیتابیانەوە ڕەنگی دایەوە.

بێدەنگیی مەرجەعیەت

هەرچەندە هەندێک میدیا باس لە فشارو هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێران و لایەنە نزیکەکانیەوە لەسەرۆک کۆمار دەکەن، بەڵام تا ئێستا ئەمە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە. حەسەن جیهاد، نەشیاردۆتەوە کە هەندێک لایەنی شیعی بەتایبەت عەسایب و حیزبوڵا بەئاشکرا دژی سەرۆکایەتی کۆمار وەستاونەتەوە، بەڵام دەست لەکارکێشانەوە باشترە، لەکاندیدکردنی کەسێک کە بێتە مایەی کێشەیەکی گەورە. هەڕەشەکانی سەرۆک کۆمار هەرچەندە وەکو فشار لێکدەدرێتەوە، بەڵام کاردانەوەی گەورەی دروستکرد، جگە لە شەقامی عێراقی، بەشێک لە لایەنە شیعەکان و هەندێک لایەنی سوننەش پاڵپشتیان بۆ دووپاتکردەوە. مەرجەعیەتی بااڵی شیعەکانی عێراقیش، پێچەوانەی هەینیەکانی تر، لە وتاری هەینی دا، خۆی لە خیتابی سیاسی بەدوور گرت، کە ئەم بێدەنگییە مەرجەعیەت، بە پەیامی نارەزایەتی لەبەرامبەر ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێران و لایەنە نزیکەکانیەوە لەسەرۆک کۆمار دەکەن، بەڵام تا ئێستا ئەمە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە. حەسەن جیهاد، نەشیاردۆتەوە کە هەندێک لایەنی شیعی بەتایبەت عەسایب و حیزبوڵا بەئاشکرا دژی سەرۆکایەتی کۆمار وەستاونەتەوە، بەڵام دەست لەکارکێشانەوە باشترە، لەکاندیدکردنی کەسێک کە ببێتە مایەی کێشەیەکی گەورە. هەڕەشەکانی سەرۆک کۆمار هەرچەندە وەکو فشار لێکدەدرێتەوە، بەڵام کاردانەوەی گەورەی دروستکرد، جگە لە شەقامی عێراقی، بەشێک لە لایەنە شیعەکان و هەندێک لایەنی سوننەش پاڵپشتیان بۆ دووپاتکردەوە. مەرجەعیەتی بااڵی شیعەکانی عێراقیش، پێچەوانەی هەینیەکانی تر، لە وتاری هەینی دا، خۆی لە خیتابی سیاسی بەدوور گرت، کە ئەم بێدەنگییە مەرجەعیەت، بە پەیامی نارەزایەتی لەبەرامبەر

بەشیر حەداد: ئەگەر بەرهەم سالّح نامەکەی نەکێشێتەوە بەدەستلەکارکێشراوە هەژمار دەکرێت



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ڕایگەیاند، ئەگەر لە ماوەی هەفتەیەکدا سەرکۆمار، بەرهەم سالّح ئەو نامەیە نەکێشێتەوە کە ئاراستەی پەرلەمانی کرد و تیایدا ئامادەیی بۆ دەستلەکارکێشانەوە دەربڕیبوو، ئەوا بە دەستلەکارکێشراوە هەژمار دەکرێت. ڕۆژی پێنجشەمە، سەرکۆمار عێراق، بەرهەم ئەحمەد سالّح داوای لێبوردنی کرد لە ڕاسپاردنی کاندیدی هاوپەیمانی بینا، ئەسعەد عیدانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، هاوکات ئامادەیی خۆی بۆ دەست لەکار کێشانەوە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران. لەبارەی ئەو نامەیەی بەرهەم سالّح ئاراستەی پەرلەمانی کرد، بەشیر حەداد لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، نامەکەی سەرکۆمار بڕیاری دەستلەکارکێشانەوە نییە بەڵکو دەربڕینی ئامادەیی بۆ دەستلەکارکێشانەوە.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتیشی: ئەگەر لە ماوەی هەفتەیەکدا سەرکۆمار نامەکەی نەکێشێتەوە، ئەوا بە دەستلەکارکێشراوە هەژمار دەکرێت. بەشیر حەداد داوای لە دادگای فیدراڵی کردووە ڕوونکردنەوە بدات لەبارەی نامەکەی سەرکۆمار. جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ وردەکارییەکی دیکەی نەخستەڕوو، بەڵام بەپێی دەستوور، سەرکۆمار دەتوانێ نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات و لە ماوەی هەفتەیەک لەدوای گەیشتنی بە ئەنجوومەنی نوێنەران دەستلەکارکێشانەوەکەی بە چوونەبواری جێبەجێکردن هەژمار دەکرێت. بەشیر حەداد ئاماژەی بەوەشکردووە کە بەوپێیەی سەرکۆمار جێگری نییە، بۆیە بەپێی دەستوور سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران پۆستی سەرکۆمار وەردەگرێت و دواتر لەماوەی 30 ڕۆژدا سەرکۆماری نوێ دیاری دەکرێت.

قەیس خەزعەلی بۆ بەرهەم سالّح:

یان دەستلەکارکێشانەوە یان لەکارلادان

سەرکردەی گرووپی عەسائیب ئەهلی حەق، قەیس خەزعەلی هەڕەشەی لە سەرکۆماری عێراق، بەرهەم سالّح کرد بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردنی کاندیدی هاوپەیمانی بنیا بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق. قەیس خەزعەلی لە ڕێگەی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی لۆکاڵییەوە هێرشی کردە سەر بەرهەم سالّح و ڕایگەیاند کە یان دەبێ دەستلەکاربکێشێتەوە یان لەکارلادەبرێت. ڕۆژی پێنجشەمە، سەرکۆمار عێراق، بەرهەم ئەحمەد سالّح داوای لێبوردنی کرد لە ڕاسپاردنی کاندیدی هاوپەیمانی بینا، ئەسعەد عیدانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، هاوکات ئامادەیی خۆی بۆ دەست لەکار کێشانەوە خستە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران. خەزعەلی ئەم هەنگاوەی سەرکۆماری بەبێ پاساو داناوە و ئەو هۆکارانەی کە بەرهەم سالّح بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردنی عیدانی خستوویەتییە ڕوو بە نالۆژێکی لە قەڵەم داوە و ڕایگەیاندووە کە بەپێی دەستوور دەبوایە کاندیدی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانیی ڕاسپاردبایە.

قەیس خەزعەلی ئەوەیشی ڕوونکردووەتەوە کە ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردنی کاندیدێکی دیاریکراوە ئەرکی سەرکۆمار نییە، بەڵکو ئەرکی کوتلەکانی دیکەی ڕکابەرە و بەڕەتکردنەوەی ڕاسپاردنی کاندیدێکی دیاریکراو بەرهەم سالّح تەرەفگیری کردووە. بە گوتەی خەزعەلی، ڕانەسپاردنی کاندیدی گەورەترین کوتلەی پەرلەمان وڵات دەخاتە پشێویەوە و هەڕەشە لە ئاسایش و سەلامەتی و یەکێتیی عێراق دەکات.

سەرکردەی عەسائیب ئەهلی حەق ئەوەیشی گوتووە کە بەرهەم سالّح دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە کە یان دەستلەکاربکێشێتەوە یان لەکارلابدرێت.



نەبەردیی شارستێن

لە 1976/12/26

سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی نەبەردیی شارستێن و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان

سلاو بۆ پێشمەرگە قارەمانە بەشداربووەکانی نەبەردی شارستێن و گەلالە و قامیش و سەرگەلوو و سێدەر و گشت جافایەتی و قیادەی موقەتە و گشت کوردستان.

لە 1976/12/26 پێشمەرگە سەربەرزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان – قیادەی موقەتە- لە بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی درندانەی سوپای رژێمی دیکتاتۆری بەعس لە بەیانییەکی زۆر زوو و تەموومژاویی و باران و زۆر سارد بۆ سنووری قەزای دوکان و ناوچەی جافایەتی (شارستێن و سێدەر) و ناوچەکانی سەرگەلوو و شینکایەتی (قامیش و گەلالە) لە یەک ڕۆژ و یەک کات، بۆ ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەلالآی شۆڕش و مەردایەتی، پێشمەرگە دڵسۆزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان مەردانە و هەڵۆ ئاسا لێیان هاتنە دەست وانەیەکیان پێدان هەرگیز لە یادیان ناچێت.

لەو نەبەردانە و لە گشت جەبهەکان هێزەکانی دوژمنی بێ باوەڕ بەخۆ و ستەمکار و داگیرکەر تێکدران و شیرازەیان لە دەستدا و بەشێوازێک هەڵاتن و ڕاونران وا سەریان لێ شێوابوو ئێستاش نازانن چۆن و بە چ ڕێگایەک ڕایان کردوو چیان بەسەر هات و چۆن دەربازیبان بووە!، تەنها لە نەبەردی شارستێن سێ هێلیکۆپتەریان لێ خرایە خوارەوەو 163 سەربازو پلەداری سەربازی و ئەفسەر بە پلەی جۆراو جۆر کوژراو و بە دۆزەخ مشڕد کران و ئەسبابی زۆری سەربازیشیان لێ بەجێما و ئەوانەشی کە نەجاتیان بوو ئێستاش نازانن چۆن و بە چ ڕێگایەکەوە هەڵاتوونە و چۆن دەربازیان بووە؟!

نەبەردیی شارستێن بە گیانی پاکی حەوت شەهیدی پێشمەرگەی قارەمان و شانازە شەهیدی هاوڵاتی و پەنجاو دوو برینداری ئافرەت و منداڵ و پیرو گەنجی سفیلی ناوچەکە و برینداربوونی نۆ پێشمەرگەی دلێری پارتی دیموکراتی کوردستان – قیادەی موقەتە- و برینبدار بوونی بەرپرسی هەرێمی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو نەبەردییە تۆمار کراو و ناوچەکە لە ڕاگوستنەوە و داگیر کاری نەجات دران. لە هەر چوار جەبهەکەی دیکەش دوژمنانی ماف و خاکی کوردستان تێکشکێنران و ڕاونران و کوژراو و برینداربوون ئەسیریان لێ بەجێماو کەوتنە دەست پێشمەرگە سەربەرزەکانی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان – قیادەی موقەتە- و مەهاتیکی سەربازی زۆریانیش لێ گیراو و چەند ئۆتۆمبیلی سەربازیان لە هەڵاتن لێ وەرگەڕا.

سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شارستێن و دانیشتوانی گشت ناوچەکەو بەشداربووانی نەبەردی شارستێن لە 1976/12/26 و گشت نەبەردییەکانی دیکەی کوردستان.

د. کەمال کەرکووکی
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیان

لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەڵامی ڕاکان جبووری دەداتەوە:

پارێزگارێک کە بە بڕیارێکی بەغدا سەپێنرابێت، ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی شارێک بدات

لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دۆخی شارەکە بەرەو خراپ و خراپتر دەچێت

ڕۆژی 2019/12/23 پۆرتاڵی دەزگای میدیایی ڕووداو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕاکان جبوری پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت کردووە، پارێزگار دەیەوێت وای نیشان بدات کە دۆخی کەرکووک ئاساییە، لە کاتێکدا لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دۆخی شارەکە بەرەو خراپ و خراپتر دەچێت، ئەو پڕۆسەکەی ناوناوە "سەپاندنی یاسا" وەک ئەوەی بەر لە 16 ئۆکتۆبەر یاسا لە کەرکووک بەرقەرار نەبووبێت، پارێزگارێک کە بە بڕیارێکی بەغدا سەپێنرابێت، ناتوانێت بڕیار لە چارەنووسی شارێک بدات، بەڵکو بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور دەبێت کە دادگای ئیتیحادیش جەختی لەسەر بەهاو پێویستی جێبەجێ کردنی کردۆتەوە.

ئەو پارێزگارە، پێشمەرگە تاوانبار دەکات کە "هەموو سیاسییەکانمان لە سەردەمی پێشمەرگە کۆڕاون" لەو سەردەمە "خەڵک بێ سەروشوێن کراوە" وەک ئەوەی سەردەمی پێشمەرگە، سەردەمی ڕەشبگیری بێت، لە کاتێکدا دەبێت سوپاسی پێشمەرگە بکات، کەچی لە هیچ شوێنێکی دیدارەکەی ڕووداودا سوپاسی خەبات و قوربانییەکانی پێشمەرگەی نەکردووە کە لە پێناوی پاراستنی شارەکە لە تیرۆریست و ڕەفتار تیرۆرستەکاندا خوێنێکی زۆری ڕشتووە، ئەو لە بیری چووە ئەگەر هێزی پۆلایینی پێشمەرگە نەبوایە دوور نەبوو کەرکووکیش وەک موسڵ بکەوتبایە دەستی داعش، یاخود تەسلیم بە داعش بکرێت! چونکە هێزە عێراقییەکان توانای بەرگریبیان نەبوو تا ڕووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە. جگە لەمە بوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە یاسایی بووە، چونکە بە گوێرەی یاداشتێکی ئیمزاکراو لە نێوان وەزیری بەرگری ئیتیحادی بە وەکالەت و وەزیری ناوخۆی ئیتیحادی بە وەکالەت لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە و ناوخۆی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و فەرماندەی هێزە ئەمەریکییەکان کە لە 2010/10/20ی ئیمزا کراوە بۆ بەشداری هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا. لەبارەی زەوییە کشتوکاڵییەکان بە نموونە باسی "پەلکانە" دەکات هەمدیسان هەقیقەتەکان دەشێوێنێت، کە ئەو زەویانە مووڵکی جوتیاری کوردە، بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 4ی ساڵی 2007 لێژنەی ماددەی 140 کە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندی کردووە، هەموو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی هەڵوەشاندۆتەوە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافی ئەنجام دراون.

لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەی لە پۆرتاڵی ڕووداو ڕاکان جبوری نکوڵی لە دووبارە تەعریبکردنەوەی ئەو ناوچانە دەکات کە لە سەردەمی ئەودا کراون، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە خەڵکی تر لە ناوچەی ترەوە بۆ سنووری پارێزگای کەرکووک هاتوون، پاساویش بەوە دەهێنێتەوە کە ڕاستە خەڵک بۆ کەرکووک هاتوون بەڵام "کاریگەری لەسەر دەنگدان نابێت، چونکە مافی بەشداریکردنیان نابێت"، ئەمە بۆ دواڕۆژ دەبێت بە سەپاندنی ئەمری واقیع "دیفاکتۆ" و کاریگەری لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکانی کەرکووک دەبێت.

سەبارەت بە دابەشکردنی پلە وەزیفییەکان، سەرەڕای ئەوەی نارِاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە کورد زۆرینەن، بەڵام لە دابەشکردنی پلە وەزیفییەکان ژمارەی دانیشتوان ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو بە یەکسانی لەنێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکان دابەشکراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا غەدرێکی گەورەیە لە کورد دەکرێ، لەو بارەشەوە بە ئاشکرا دەڵێت کە "تورکمان" ژمارەیان لە کورد و عەرەب کەمترە، بەڵام وەک ئەوان ڕێژەی وەزیفییان پێ دەدرێت.

ئەمەو سەبارەت بە زیادەڕۆیی، بە گوێرەی یاساکان پارێزگار بەرپرسە لە ڕێگەگرتن لە زێدەڕۆییکردن بەو پێیەی بەرپرسی یەکەی ئیدارییە، بەڵام لە بری ئەوەی ڕێگری بکات، کورد بەوە تاوانباری دەکات کە دەرگای بۆ نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتیش نەتەوەی عەرەب کردۆتەوە کە "زێدەڕۆیی بکات"، بۆیە دەبێت هەرچی زووە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر لە پێناو ئەوەی کە ئەو دیاردە ناساییە زیاتر نەبێت.

لەکۆتاییدا دەڵێین؛ دەبێت کاربکرێت لە پێناوی قوواڵکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیانی نەتەوە جیاوازەکانی کەرکووک و چارەسەرکردنی گرفتەکان و جێبەجێکردنی برگەکانی ماددەی 140ی دەستوور وەک تاکە چارەسەر بۆ یەکلاکردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی تر.

لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان
2019/12/24

هاوپەیمانی سائیروون: بەشداریی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران ناکەین



دیاریکردن یان پاڵپشتیکردنی هیچ کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق. ڕوکابی ئەوەیشی ڕوونکردووەتەوە کە ئەم هەڵوێستە لە بڕوای تەواویانەوە سەرچاوەی گرتووە کە هاوپەیمانی سائیروون کە لەلایەن سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر پاڵپشتی دەکرێت رایگەیاند، لایەنێک نابێت لە دیاریکردن یان پاڵپشتیکردنی هیچ کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق، ئەمەش وەک ڕێزگرتنە لە ئیرادەی خۆپیشاندەران. گوتەبێژ بەناوی هاوپەیمانی سائیروون، حەمدوللا ڕوکابی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت و بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕاڤەکردنی لاوەکی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خۆپیشاندەران و نەچوونە ناو کێبڕکێی سیاسیی کە ئەنجامێکی بەسوودی نابێت، هاوپەیمانی سائیروون بەردەوامی ئۆپۆزسیۆنی خۆی لەژێر چەتری پەرلەماندا ڕادەگەیەنێت. ڕوکابی ئاماژەی بەوەشکردووە کە لایەنێک نابێت لە پێویستە بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی سیاسیی لەگەڵ هیچ لایەنێک ئەمەش بۆ دوورخستنەوەی وڵاتە لەو مەترسیانەی کە پێشتر موقتەدا سەدر هۆشداریی دابوو لەبارەیەوە لەسەر داهاتووی وڵات و ئاسایش و سەلامەتی گەلی عێراق. گوتەبێژ بەناوی هاوپەیمانی سائیروون داوای لە سەرجەم هێزە سیاسییەکان کردووە بەرژەوەندی عێراق بخەنە سەرووی بەرژەوەندییەکانیانەوە.

پێشتر سەرۆکی هاوپەیمانی سائیروون، نەبیل تەرفی ڕایگەیاندبوو کە ئەوان وەک بڕاوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەستبەرداری مافی خۆیان بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ دەبێت و ئامادەی بەوە کردبوو کە گەل خاوەن بڕیارە و کاندیدی گەل بڕارەدی ئەوانە و لەسەر سەرکۆمار پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات.

جێی باسە ڕۆژی پێنجشەمە، سەرکۆمار عێراق، بەرهەم ئەحمەد سالح داوای لێبوردنی کرد لە ڕاسپاردنی کاندیدی هاوپەیمانی بینا، ئەسعەد عیدانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، هاوکات ئامادەیی خۆی بۆ دەست لەکار کێشانەوە خستە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران. ئەسعەد عیدانی سێیەم کاندیدبوو کە لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە ڕاسپاردنی بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق ڕەت دەکرێتەوە، دوای ئەوەی خۆپیشاندەران ڕاسپاردنی هەریەک لە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد شیاع سوودانی و وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە حکوومەتی کاربەڕێکەر، قوسەی سوهەیل -یان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران ڕەت کردەوە.

فەرماندەی نوێی هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق دەستبەکار بوو



وەزارەتی بەرگریی عێراق بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە کە کەریم عەبود تەمیمی بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆر، فەریقی یەکەمی ڕوکن، تالیب شەغاتی کەنانی ئەرکی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی دژە تیرۆری وەرگرت.

جێی باسە مانگی ئەیلوولی ڕابردوو، سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی کاربەڕێکەر، عادل عەبدولمەهدی بە شێوەیەکی لەناکاو عەبدلوهاب ساعدی لە پۆستی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی دژە تیرۆر دوورخستەوە و بڕیاربدا بە گواستنەوەی بۆ وەزارەتی بەرگریی. ئەوکات ساعدی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند کە عادل عەبدولمەهدی بە تەلەفۆن بڕیارەکەی پێڕاگەیاندووە و هیچ ڕوونکردەوەیەکی دیکەی لەبارەی هۆکاری لەکارلابردنی نەدا و بڕیارەکەی بە سووکایەتی و سزا لە قەڵەم دا.

بڕیاری لەکارلابردنی ساعدی یەکێک بوو لە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە عێراق کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە. خۆپیشاندەران چەندین جار لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی ساعدییان بەرزکردەوە و چەندین جاریش ناوی لە نێو خۆپیشاندەراندا دەهات وەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق.



مانۆڕەکە چوار ڕۆژ دەخایەنێت

مانۆڕی سەربازیی هاوبەشی ئێران، ڕووسیا و چین لە دەریای عوممان

هێزە دەریاییەکانی ئێران، ڕووسیا و چین دەستیان بە ئۆپەڕاسیۆنێکی هاوبەش کردووە لە دەریای عوممان و باکووری زەریای هیندی. مانۆڕەکە چوار ڕۆژ دەخایەنێت.

جێگری فەرماندەی هێزە دەریاییەکانی ئێران و گوتەبێژی مانۆڕەکە کە ناوی نراوە "پشتیوانیی ئەمنی دەریا"، غولام ڕەزا تەناهی ڕایگەیاندووە ئامانجی سەرەکی مانۆڕەکە ئالوگۆڕی زانیاری و ئەزموون وەرگرتنە لەسەر پتەوکردنی ئاسایشی بازرگانی نێودەوڵەتیی دەکەوێتە نێوان دەریای عوممان و باکووری زەریای هیندی.

ئەنجامدانی ئەو مانۆڕە لەگەڵ ئێران لە دەریای عوممان کە کەنداوی عەدەن و بەسرا پێکەوە دەبەستێتەوە لە کاتێکدا گرژییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەمەریکا و سعوودیەی هاوپەیمانی لە ناوچەکە، بووەتە جێی سەرنج.

دەریایی، بەرەنگاربوونەوەی چەتەکانی دەریا، تیرۆری دەریایی و گەڕان و فریاگوزاری.

بە بۆمب هێرشکرایە سەر ماڵی سەرکردەیەکی عەسائیبی ئەهلی حەق

دوێنێ شەممە سەرچاوەیەکی ئەمنی لە پارێزگای میسان ڕایگەیاند کە ماڵی سەرکردەیەکی عەسائیبی ئەهلی حەق لە پارێزگاکە کراوەتە ئامانج. سەرچاوەکە ئەوەشی گوتووە: چەند چەکدارێکی نەناسراو لەناوچەی کەرتی 28 لە ناوەڕاستی شارەکەدا بە بۆمب هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی سەعد کەعبی، سەرکردە لە گرووپی میلیشیاکانی عەسائیبی ئەهلی حەق.

گوتیشی: لەئاکامی هێرشەکەدا زیانێکی زۆری ماددی بەر ماڵی ئەو سەرکردەیە کەوتووەو زیانی گیانی لێنەکەتۆتەوە. شایانی باسە لە پارێزگای میسان ڕۆژانە وەک تەسفییە حیساباتی نێوان حیزبەکان، خانووی بەرپرسان دەتەقێندرێتەوە.

ئەو پڕۆژانەی بێ مۆڵەتی حکوومەت دروستکراون بە مەرج کارەبایان پێدەدرێت



بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر دەڵێ، ئەو کەسانەی بێ مۆڵەتی حکوومەت پڕۆژەی پەلەوەری یان باڵاخانەیان لەسەر زەویی کشتوکاڵییەکان دروست کردووە، لە ماوەیەکی دیاریکراودا و بە چەند مەرجێک نیشتمانییان پێ دەدرێت، ئەوانەیشی بە نایاسایی کارەبایان راکێشاوە، سزا دەدرێن. حوسێن حەمەد، بە مانگەیی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەو کەسانەی کە پڕۆژەکانیان بێ مۆڵەتی حکوومەت بووە، وەک پڕۆژەی پەلەوەری و کشتوکاڵی و هەبوونی کەفیل و پڕکردنەوەی بەڵێننامەیەک، کە ئامادە بینای گەورە، تا ئێستا کارەبای نیشتیمانییان پێ نەدراوە، بە چەند مەرجێکیش کارەبایان پێ دەدرێت. دەشڵێت: لە ئێستاوە تاوەکو ڕۆژی یەکی شوباتی ساڵی 2020 بە مەرجی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر لە هەژماری تایبەت بەخۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاویان کردووەتەوە: ڕۆژی شەمە 28ی 12ی 2019؟ بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی، دوو خواردنگە لە شەقامی ئیسکان داخران. د. سەرهەنگ جەلال، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ڕایگەیاندووە، کە تیمەکانی تەندروستیی خۆراک لە هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین لە شەقامی ئیسکان، دوو خواردنگەیان داخست، کە مەرجەکانی تەندروستیایان تێدا نەبوو. بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، لە هەولێر حەوت کارگەی دروستکردنی پاکەڕەوە داخران. هەر دوێنێ، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ڕایگەیاندراوێکی دیکەی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی، دەکات، پارەکەش بە دوو شێوە دەبێت، ئەو پڕۆژانەی 85%ی تەواوبوونە، پارەیان بۆ خەرج دەکرێت لەگەڵ ژمارەیەک پڕۆژەی بەردەوام بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی زۆر بۆ بەڵێندەران خەرج بکات، بەرپرسێکی یەکێتیی بەڵێندەرانیش گەشبینە لە ساڵی نوێدا هەلی کار بۆ هاوواڵتیان و بەڵێندەرانیش زیاتر بێت.

سەرۆ دزەیی، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان، بە مانگەیی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی زۆری بەڵێندەران خەرج کراوە، کارەبای نیشتمانییان پێ دەدرێت، ئەگەر پێشتریش بە سەرپێچی کارەبایان ڕاکێشابێت، سزا دەدرێن.



وەک ڕێگاوبان و دروستکردنی سایلۆ. بەرپرسەکەی بەڵێندەران دەشڵێت: ئێمە لای خۆمانەوە داوای خەرجکردنی قەرزی پێشترمان کردبوو و بڕیارە ئەوەش بەشێکی خەرج بکرێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا فەرمانی خەرجکردنی پارەکە دەدرێت، بەڵام نازانین چەندە.

سەرۆ دزەیی: مانگی داهاتوو پارە بۆ بەڵێندەران خەرج دەکرێت

هەولێر.. دوو خواردنگە و حەوت کارگەی دروستکردنی پاکەڕەوە داخران



بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر لە هەژماری تایبەت بەخۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاویان کردووەتەوە: ڕۆژی شەمە 28ی 12ی 2019؟ بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی، دوو خواردنگە لە شەقامی ئیسکان داخران. د. سەرهەنگ جەلال، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ڕایگەیاندووە، کە تیمەکانی تەندروستیی خۆراک لە هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین لە شەقامی ئیسکان، دوو خواردنگەیان داخست، کە مەرجەکانی تەندروستیایان تێدا نەبوو. بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، لە هەولێر حەوت کارگەی دروستکردنی پاکەڕەوە داخران.

هەر دوێنێ، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر ڕایگەیاندراوێکی دیکەی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی، حەوت کارگەی دروستکردنی پاکەڕەوە لە بنەسلاوە، دارەتوو، کەسنەزان و ڕێگای گوێڕ، کە مۆڵەتی تەندروستیشیان نەبوو، داخران.

لەبارەی داخرانەکەوە د. سەرهەنگ جەلال، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پاراستنی تەندروستیی هەولێر، ڕای گەیاندووە: تیمی کارگەکان لە ئەنجامی هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین، دوو کارگە لە بنەسلاوە، دوو کارگە لە دارەتوو، دوو کارگە لەڕێگای گوێڕ و یەک کارگەیان لە کەسنەزان داخست، کە مۆڵەتی تەندروستییان نەبوو. ئاماژە بەوەش دەکەن کە تیمەکان ڕۆژانە لەپشکنینی شوێنە گشتییەکان بەردەوامن و بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە هاوواڵتیان دەکەین لەکاتی بینینی هەر سەرپێچییەک تیمەکانمان ئاگادار بکەنەوە، بۆ بەدواداچوون پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی 07505571967 بکەن.

چۆمان... بەهۆی دارمانی هۆڵێک 26 سەرئاژەڵی هاووڵاتییەک لەناوچوون



پێشنیوەڕۆی دوێنێ شەمە، بەهۆی دارمانی هۆڵێکی بەخێوکردنی ئاژەڵان، 26سەر بزنی هاووڵاتییەکی قەزای چۆمان مرداربوون. ئەحمەد نەجات، بەرپرسی بنکەی بەرگری شارستانی چۆمان بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: بەیانی ڕۆژی شەمە /28/1/2 2019 ئاگادار کراینەوە کە هۆڵێکی بەخێوکردنی ئاژەڵان دارماوە، دەستبەجێ تیمەکانمان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بەداخەوە بەهۆی دارمانی هۆڵەکە، 26سەر بزنی هاووڵاتی مەلاشێخ مستەفا عەلی لەناوچوون، کە ناوبراو ئاژەڵدارێکی سنووری قەزای چۆمانە. بەرپرسی بنکەی بەرگری شەرستانی چۆمان هۆکاری دارمانی هۆڵەکەی بۆ کەمتەرخەمی ئاژەڵدارەکە گەڕاندەوە و گوتی: شەوی ڕابردوو نە لافاو هاتووە، نە بارانێکی بەخوڕیش باریوە، بەڵام دارمانی هۆڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لە ڕووستکردنی هۆڵەکە و لە ئەنجامدا بەداخەوە دارماوە.

بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە پیاوێک هاوژینەکەی بە فیشەک دەکوژێت

لە شاڕۆچکەیەکی نزیک هەولێر پیاوێکی تەمەن 51 ساڵ بەفیشکی دەمانچە هاوژینەکەی دەکوژێ و دواتر لەلایەن هێزەکانی ئاسایش دەستگیردەکرێت. ڕاگەیاندنی ئاسایشی هەولێر بە ڕووداوی ڕاگەیاند، پیاوەکە لەدایکبووی 1968ـە، هاوژینەکەیشی ناوی ئاواز عەبدوڵڵایە و لەدایکبووی 1971ـە کە نزیکەی 30 ساڵە هاوژینی یەکدین.

هاوکات گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: ڕووداوەکە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە بووە. پیاوەکە ناوی (ج، ر)ـە و بە فیشەکی دەمانچە تەقەی لە هاوژینەکەی کردووە. ڕاگەیاندنی ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد، توانیویانە تۆمەتبارەکە دەستگیربکەن و دۆسیەی لێکۆڵینەوەکەی ڕادەستی پۆلیس دەکەن.

باژێرڤانیا ئاکرێ ئامارا خویا ساڵا 2019ێ ڕاگەهاند جارێکی دیکە بەفر سنووری ڕاپەڕین و سۆرانی لێکدابڕی

خەبات- شیراز چارۆتی:
سەرۆکۆتیا باژێرڤانیا ئاکرێ د کونگرەکێ ڕۆژنامەڤانی دا ئامارا ساڵا 2019ژ گاش و خزمەتگوزاریێن باژێرڤانییێ ئەنجام داین بەرچاڤکرن ژبۆ سازییێن ڕاگەهاندنێ. بلند ڕەزا، سەرۆکێ باژێرڤانیا ئاکرێ د کونگرەکێ ڕۆژنامەڤانی دا ڕاگەهاند: باژێرڤانیا ئاکرێ د ماوێ ساڵا 2019دا ب کۆژمێ زێدەتر ژ 700ملیۆن دیناران پڕۆژە ئەنجامداینە.د ڤێ سالێ دا باژێرڤانیا ئاکرێ ل سەر پێشنیەیا باژێرڤانیا ئاکرێ 162 ملیون دیناران پڕۆژێن جوراوجور هاتینە بجهکرن. هەروسا ئەو کۆژمێ 17ژ سەدێ بۆ باژێرڤانییێ دمینیت ب کۆژمێ 49ملیون دیناران پڕۆژێ تۆرا ئافا ئافدانا جادێن سەرەکی پێ هاتییە دروستکرن. ئاشکرا کرژی: ب کۆژمێ 491ملیون دیناران جادێن سەرەکی پێن ئاکرێ ب تەخەکا قیرێ بایندەر ب درێژاهیا پتری شەش کیلومەتران جادە هاتینە قیرکرن. ئەو پاشماوێ هاتییە ڕاکرن ل سنووری باژێرڤانیا ئاکرێ نێزیکی 23هزار تەنان بوون. ئەو مۆلەتێن هاتینە دان بۆ دروستکرنا ئافاهیان 300 مۆلەت بوویە. ئەو دارو نەمامێن هاتینە چاندن 1588 بوویە. ئەو زێدەگافێن جوراو جورێن هاتینە لادان 172 بوویە.





ئەمساڵ لە گەرمیان 1666 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە تۆمارکراوە

خەبات- سەبریە یوسف:
گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی گەرمیانی کۆی ئاماڕە جۆربەجۆرەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەیانی ڕاگەیاند. لەوبارەوە، نیعمەت عەلی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند لەماوەی ساڵی 2019دا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بەهۆی بارانی بەخوڕەوە گژوگیا زۆر بوو بۆیە ڕێژەی کەوتنەوەی ئاگر زۆربوو ،لەکۆی ساڵەکەش 1666هەزار و شەشت و شەش ڕووداوی جۆربەجۆرمان تۆمارکردوە. گوتیشی لەماوەی ساڵی 2019دا توانیومانە دەیان هەزار دۆنم دەغڵ ودان ولەوەڕگا لە سووتان ڕزگاربکەین و توانیومانە دەیان بریندار ڕووداوی ئۆتۆمبیل و ڕووداوەکانی تر لەمردن ڕزگاربکەین. نیعمەت عەلی، هێمای بۆ ئەوەشکرد هەر لەمساڵدا 48 هەزار دۆنم دەغڵودان سووتاوە. باسی لەوەشکرد ئاگرەکان بەمجۆرە پۆلێن دەکەین: 1239 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی دەغڵودان لەگەڵ 87 ڕووداوی سوتانی ئۆتۆمبیل و 89 مالآن و 25ی دووکانی هاوڵاتیان سووتاوە. لەبارەی حاڵەتەکانی خنکانیشەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: ئەمساڵ 6 حاڵەتی خنکان تۆمارکراوەو توانیومانە پێنج کەس لە خنکان ڕزگاربکەین.

دوای گیرانی ڕێگەکە گەڕاونەتەوە و بە کوردستان 24یان ڕاگەیاند، ئەگەرچی بەشێکی ڕێگەکە پاککراوەتەوە، بەڵام بەفر بارینی بەردەوام ڕێگرە لەبەردەم کردنەوەی ڕێگاکە.

ئێوارەی دوێنێ جارێکی دیکە، بەفربارین ڕێگەی زینی وەرتێی داخست و هاتوچۆی لەنێوان سنووری ڕاپەڕین و ناوچەکانی سۆران و ڕواندز و چۆمان لەو ڕێگایەوە وەستاند. بەشێک لە شۆفێران ڕێگای زینی وەرتێ ڕێگایەکی سەرەکییە و هاتوچۆی زۆری شۆفێرانی نێوان سنووری ڕاپەین و سۆرانی لەسەرە، لە ئێستادا شۆفێران دەتوانن ڕێگای کورتەک یان بالیسان وەک ڕێگەی دیکە بەکاربێنن.

سلێمانی... بەهۆی هەبوونی دەرمانی ماوەبەسەرچوو دەرمانخانەیەک داخرا

لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانییەوە و بەهۆی هەبوونی دەرمانی ماوەبەسەرچوو دەرمانخانەی دایک داخرا. ڕاگەیاندنی قائیمقامییەتی قەزای ناوەندی سلێمانی بڵاوی کردەوە، کە لەکاتی سەردانی لیژنەی هاوبەشی تەندروستیی سەر بە لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەت بۆ دەرمانخانەی دایک لە شەقامی ئۆرزدی دەرکەوتووە دەرمانی ماوەبەسەرچووی بەسەر هاوڵاتیان ساخکردۆتەوە. ڕاشیدەگەیەنن، بۆیە بەفەرمانی قائیمقامی سلێمانی دەرمانخانەی دایک داخراوە و خاوەنەکەشی ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە. ڕاگەیاندنی قائیمقامییەتی قەزای ناوەندی سلێمانی ئاماژە بەوەش دەکات کە لیژنەی تەندروستی یەکێکە لە لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی، ڕۆژانە سەردانی دەرمانخانە و ئەوشوێنانە دەکات هاوڵاتیان بۆ وەرگرتنی چارەسەر ڕوی تێدەکەن.

دۆزی کورد و تەنگژەکانی عێراق





وەیسی سەعید وەیسی

لە پەراوێزی گوتاری بەرێز مەسرور بارزانی
کابینەی نۆیەم کابینەی خزمەتگوزاری و چاکسازی

دوای 100رۆژتێپەڕبوون بەسەردەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانەی گوتارێکیدا بەرێز مەسرور بارزانی پێناسەی کابینەکەی کرد کە لەگەڵ ئەوەی 100رۆژماوەیێکی کەمە بۆکارکردن، بەڵام کاری گرنگ و ستراتیژی گەورە ئەنجام دراون کە ئەمەش وای کردووە کوردستانیان بەئومێدێکی زۆرەوە سەیری داهاتووی کارەکانی کابینەی نۆیەم بکەن، چونکە هەموو لایەک گەواهی ئەو ڕاستییە ئەدەن لەماوەی 100رۆژی کارکردنیدا کابینەی نۆیەم چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری و بڕیاری گرنگ و پربایەخی ئەنجام داوە لە بەرژەوەندیی هاوواڵتیان، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لەسەر کارە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت کەوای کردووە تەواوی کوردستانیان کارو چالاکییەکانی حکوومەت بەرز بنرخێنن، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەیادبێت کە ئەم کابینەیە تەواوکەری کارەکانی کابینەکانی پێشوترە، بەڵام جیاوازتر لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبردن کارەدکات. بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بە سیستەم کردنی حکوومەت و شەفافییەت کە هەموو ئەمانەش کاریگەربیان هەیە لەسەرچاکترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوواڵتیان و مۆدیلێکی جوانی بەرێوەبردنی هێناوەتە کایەوە کە لە سایەیدا هاوواڵتیان هەست بەبوونی خۆیان دەکەن .

لێرەوە بەگرنگی دەزانین لەپەراوێزی گوتارەکەی سەرۆکی حکوومەت بەکورتی هەڵوەستە لەهەمبەر چەند خاڵێکدا بکەین:

یەکەم: راستە 100رۆژ لەتەمەنی کابینەی نۆیەم بەرێ کراوە، بەڵام کاتی زۆرتری لەبەردەم ماوە بۆکارکردن کە بەدڵنیاییەوە خودی کابینەکەش پلانی تری هەیە لەپێناو باشترکردنی ژیانی هوواڵتیان وخزمەتکردنی خاک وخەڵکی کوردستان.

دووەم: ئەم کابینەیە هی هەموو خەڵکی کوردستانە بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە، بۆیەش گرنگە هەموو لایەک هاوکار و پشتیوانی بن بۆسەرخستنی کارەکانی لە پێناو باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هاونیشتمانیان و بەرەوپێشبردن و پاراستنی کوردستان.

سێیەم: لەئێستادا کابینەی نۆیەم وەک بەشێک لەکارنامەکەیدا پرۆژە یاسای چاکسازی لەخانەنشینی و مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە کە بەمەش وێرای ئەنجامدانی چاکسازی کارەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان شەفافتر و دادپەروەرانە بەرێوە دەچن و چیتر و لەژێرهەرناو و بیانوویێک ڕێگە نادرێت سامانی گشتی بەهەدەر بدرێت، کە ڕاستەوخۆ ئابووری کوردستان بەرەوپێش دەبات و لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت.

خوای گەورە هاوکار و پشتیوانی هەموو لایەکمان بێت.



فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد

نەتەوەی کورد دوور لە خواستی خۆی دابەشکراوە بەسەر چوار وڵاتی نەتەوەیی جیاوازدا، لەگەڵ ئەوەشدا قەدەری کورد وایە کە سروشتیش جۆرێک لە ستەمی لێ کردووە بەوەی لە سنوورێکی داخراودایە، واتا نەبوونی سنووری ئاویی یان سنووری بە یەکێک لەو وڵاتانەی کە بڕوایان بەمافی گەلان هەبێت.

هەرچەندە کوردستان سنووری ئاوی هەبووە، بەڵام لێی زەوتکراوە و لە ئێستادا زۆر زەحمەتە وەربگیرێتەوە، چونکە بە جۆرێک دیموگرافیای گۆڕاوە زۆر بەزەحمەت ئاسەوارێکی کوردی بوونی بەدی دەکرێت، یاخود هەر نەماوە کە ئەو جێگایەی هی کورد بووبێت، بۆ نموونە: سنووری کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات هەتا سەر کەندەاوی فارس دڕێژبووبووە، بەڵام لە ئێستادا ئاسەوارەکەیان بەجۆرێک گۆڕیوە داواکردنەوەی بۆتە ئەستەم؟!.

ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەش کورد نەیتوانیوە کەڵک لە ئاین وەک لایەنی باوی کۆمەڵایەتی و میژوو وەربگرێت تا بەچەشنی گەلانی دیکە سوودی لێ وەربگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە کورد سوودی گەیاندووە بە ئاین. هەروەها کورد نەیتوانیوە کەڵک وەربگرێت لە دونیای مۆدێرنیتە تا ببێتە فاکتێکی پاڵپەستۆ یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان پاڵپشتێکی زۆر شێلگیرانە بۆ دۆزەکەی. ئەگەر باشووری کوردستان بەغوونە وەربگرین، کە ئەمانە هەمووی لەلایەک و لە لایەکی دیکەش حکوومەتی عێراق بە دڕێژایی میژوو نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی عاقڵانە بۆ دۆزی کورد بکات تاوەکو بەشێوەیەکی دیموکراسی و یاساییانە لێک تێگەیشتنی دوولایەنانەی پێکەوەیانە بەرجەستە بێت. بەڵکو هەمیشە چاوی لە هێز بووە بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی کورد و جوڵانەوەکەی، بۆ نموونە: شەڕ و کوشتارەکان دژ بە میرنشینەکان و شۆڕشەکان بەڵکو لەوەش زیاتر بوو کە دوژمنکارییەکانیان گەیشتە ئاستی ڕەشە کوژی سڤیلی کورد وەک (ئەنفال ، کیمیاباران، ڕاگواستن و کوشتنی بەکۆمەڵ ...هتد) واتا جگە لە مەنتقی هێز پەنا نەبراوەتە بەر لۆژیکێکی دیکە، تا بەو شێوازە بتوانێ بەسەر جوڵانەوەی کورددا زاڵ بێت و کوردیش ناچار بێت خۆی بەدەستەوە بدات؟!. بەڵام هەنگاوەکانیان نا لۆژیکییە کە بە ئێستاشەوە وەک لە عێراقی نوێدا پەنا براوەتە بەر هێز بۆ سڕینەوە و نەمانی قەوارەی و تاکی کورد، وەک هەنگاوی نان بڕین و گەلێک شتی دیکە کە هەموویان شکستیان هێناوە و کوردیش هەر لەبەرەوپێشچوونداید. بەواتایەکی دیکە عەقڵیەتی کوودەتا بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی تەنانەت مافە دەستوورییەکانیش هێشتا ئامادەیی تەواوی هەیە لەلای دەسەڵات و هێزە سیاسی و تەنانەت تاکەکانیش؟!.

باشتر وایە لۆژیکی هێزە سیاسی و کەسایەتییە عێراقییەکان بگۆڕدرێت (کە دەڵێن عێراقی مەبەست عەرەبە بە سوننە و شیعەوە) ، چونکە هەموو ڕێگاکان بەکارهێنران بێ ئەنجام بووە و لە هیچیان سەرنەکەوتن، بەڵکو بەردەوامیش عێراق لە تەنگژەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی هەروەها ڕێگاکانی چارەسەر و خۆشگوزەران بەدی ناکرێت لە عێراقدا.

...هتددا بووە و هەیە. بۆیە باشترە بیربکرێتەوە لە قبوولکردنی گەلی کورد بەوەی کە گەلێکی خاوەن ماف و میژووە، بۆ کۆتاییهێنان بەو تەنگژانەی عێراق کە هەتا ئێستا بەردەوامە، کە دیارە ئەو دۆخەی عێراق لەلایەن عێراقییەکانەوە ئاڕاستە ناکرێت، بەڵکو لەدەرەوە ئاڕاستەیان دەکەن و نەیانتوانیوە چارەسەری تەنگژەکان بکەن کە خۆیان دروستیانکردووە نەک نەتەوەی کورد و کوردستان، چونکە تەنگژەی ئەمڕۆ دەسپێڕن بەسبەی؟!.

ئەوەش بەڵگەنەویستە کە گەلی کورد دەستبەردای مافەکانی نابێت و ئەو عەقڵییەتەش نەگۆڕێت ئەوا عێراق سەقامگیر نابێت و بەردەوامیش تەنکژە دەگۆڕێت بە تەنکژە وەک ئێستای بەغدا کە ئەمڕۆ شتێکە و سبەی شتێکی ترە، ڕۆژانە و هەفتانە تەنگژەی نوێ لەدایک دەبێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕۆلەکان دەکوژرێن و هیچ ئاسۆیەکی چارەسەر و خۆشگوزەران بەدی ناکرێت لە عێراقدا.



سوورە مەرگەیی

لە زاویتەوە بۆ شارستێن

میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد پڕەتی لە داستان و گیان بەخشینی پەرجوو ئامێز، بەڵام کات و شوێن و هەستیاری ئەو قۆناغەی داستانەکەی تێدا ڕووداوە وا دەکات ئەم داستان لەو داستان جیا بکاتەوە، بۆ نموونە:

گرنگی و گەرووەیی داستانی خواکورک لەوەدا نەبوو دوژمن چەند کوژراو و بریندار و دیلی هەیە و پێشمەرگەش چەند شەهید و بریندارى هەیە، داستانەکە لە کاتێکدا بوو ڕژێمی بەعس لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران بە سەرکەوتوویی هاتبووە دەر و ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەشی داگیر کردبوونەوە، بەوەش غروورییەت گرتبووی، جا گەورەیی ئەو داستانە لەوەدابوو پێشمەرگە لە خواکورک غروورییەتی دوژمنی تیکشکاند و ئەنفالی بە چۆکدا هێنا ، هۆکاری ئەو سەرکەوتن و غروور شکاندنەی ڕژێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆک بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی داستانەکەی دەکرد، ئەوەش هێزی زیاتری بە پێشمەرگە دەبەخشی.

بۆچی تا ئێستاش باس لە داستانی کۆڕێ دەکرێ؟ خۆ لە زۆر داستانی تردا دوژمن خەسارەی گیانی و مالّی زۆرتری لێکەوتبوو، بەڵام زیاتر باس لە دەستانی کۆڕێ دەکرێ، گەورەیی داستانی کۆڕی لەوە دایە کە سەرکەوتنی بە شکستی دوای ڕاپەڕین بەخشییەوە، یان گەورەیی داستانی پردێ و سحێلا لەوە دایە کە چۆکی بە گەلەکۆمەیەکی هەرێمی دادا و گەورەترین خەونی دوژمنان و وڵاتفرۆشانی ناوخۆی لە گۆڕناو حکومەتی هەرێمی لە ناو پیلانێکی فرە جەمسەر دەرهێنا.

داستانی زاویتە و داستانی شارستێنیش دوو داستان بوون لە دوو کات و دوو شوێنی جیاوازدا هەرچی داستانی زاویتە بوو لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول و وەڵامدەرەوەی سەرەڕۆیی ڕژێمی داگیرکاری بەغدا بوو ، هەرچی داستانی شارستێنیش بوو لە سەرەتای شۆڕشی گوڵان و وەڵامدەرەوەی پیلانێک بوو کە لەژێر چاودێری ئەمەریکا بەڕێوەچوو، ئاسان نییە میژووش بتوانێ گەورەیی ئەو دوو داستانە دەربخات، بۆیە بۆ دەرخستنی گەورەیی ئەو دوو داستانە فەرموودەیەکی سەرۆک بارزانی وەک بەڵگە دەخەمەڕوو.

لە ساڵی 2003و لە یادی داستانی شارستێن لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی داستانەکە و چەند پێشمەرگەیەکی بەشدارىوو سەردانێکی سەرۆک بارزانیمان کرد، لە باسی گەورەیی داستانی شارستێندا فەرمووی: شۆڕشی ئەیلول شۆڕش نەبوو، داستانی زاویتە کردی بە شۆڕش، شۆڕشی گوڵانیش شۆڕش نەبوو، داستانی شارستێن کردی بە شۆڕش.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد زۆر جاران کات و شوێن و هەستیاری قۆناغەکە گەورەیی بە داستانەکان دەبەخشێ، جا ئەگەر داستانی خواکورک شکستی بە گەردەلوولی ئەنفال هێنابێ، داستانی کۆڕێ سەرکەوتنی بە شکستی دوا ڕاپەڕین بەخشی بێ، داستانی سحێلا خەونی داگیرکارانی کوردستان و وڵاتفرۆشانی ناوخۆی لە گۆڕ نابێ، ئەوا داستانی زاویتە و شارستێنیش بڵێسەی دەستپێکی دوو شۆڕش و ناسنامەی دوو شۆڕش بوون.

دەست لەکارکێشانەوەی (عادل عەبدولمەهدی) و چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان





ناسر مەلا حەکیم

دوابەدوای ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کە بوو بەهۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر، سەرۆک وەزیرانی عێراق دوای کەمتر لە دوو کاتژمێر لە بانگهێشتنەکەی "سیستانی" بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لەحکوومەت لە هەمان ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (29/11/2019)" عادل عەبدولمەهدی" بە مەبەستی ئەوەی کە چیتر وڵات نەخزێتە ناو شەڕێکی خوێناوی و ئاژاوەگێڕییەوە بریاری دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بۆ پەرلەمانی عێراقی ڕاگەیاند، بۆئەوەی (ئەنجومەنی نوێنەران) بتوانێت حکوومەتێکی تازە هەڵبژێرێتەوە کە لە بەرژەوەندیی گەلی عێراقدا بێت.

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردن و هەڵوێستە کردنە لە ماوەی دەستبەکاربوونی "عادل عبدالمهدی" وەکو (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) هەنگاوی باش نرا بۆ بەرهوپێشبردنی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵکاران، هەر لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشدا هەنگاوی باش نرا بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و گرێبەستە بازرگانییەکان و ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە گەڵ هەرێمی کوردستانیش هەنگاوی باش نرا بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ڕووی بودجە و مووچە و ڕادەستکردنی بڕی هەناردەی نەوت بە کۆمپانیای نەوتی سۆمۆ و کاراکردنەوەی لیژنەی هاوبەشی بۆ چارەسەرکردنی ماددەی 140ی دەستوور، گفتوگۆکان قۆناغی باشیان بڕیبوو، هەردوو لا بە گەشبینییەوە هەنگاوەکانیان بەرەو پێشەوە ئەنا و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرد و هەمووەمان چاوەڕوانی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان (هەرێم و بەغدا)مان دەکرد، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە دوای "عادل عەبدولمەهدی" حکوومەتی کاربەڕێکەر یان هەر حکوومەتێکی تازەی تر توانای بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ڕێککەوتنانەی هەیە ؟ لەوەش گرینگتر ئایا چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان بە (کەرکوک)یشەوە بەرەو کوێ دەچێت؟ یان هەر حکوومەتێکی تر کە لەدایک دەبێت بەپەرۆشەوە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە هەنگاو دەنێت؟ لە کاتێکدا ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر زیاتر شۆڤێنیزمی عەرەبی هەوڵی تێکدان و لەباربردنی هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان بە دەستهاتوون یان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هەوڵەکانیان بۆ داگیرکردنی موڵک و مالّی خەڵکی کورد چڕترکردۆتەوە، دەیانەوێت دیمۆگرافیای ناوچەکان بشێوێنن، لە کەرکوک ڕۆژانە فەرمانبەرە کوردەکان دەردەکرێن و ژمارەی دامەزراندنی خەڵکی نامۆ بە شارەکە لە زیادبوونداید و ڕێژەی کوردەکان ڕۆژبەڕۆژ لە کەمبوونەوە دایە! بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم کارە نادەستوورییانە و پێشگرتن لە زێدەڕۆیی کە بە ناوی (دین و مەزهەب و نەتەوە) لە سەر ئەرزی واقعی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە بەئەجندای دەرەکی بۆ شکستپێهێنانی ئەزموون و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن، دەبێت ئێمەی کورد بە هەموو لایەن و پێکهاتە و حیزبە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان یەک دەست و یەک ریز ناو مالّی خۆمان پتەو و ڕێک بخەین بۆ ئەوەی بتوانین کۆتایی بەم ڕەفتارە دوژمنکارییانەی ناحەزەکانمان لە ناوچەکە بهێنین.

لە 43 ساڵیادی داستانی شارستێن

داستانی شارستێن ئەلقەی هاوبەستەبوونی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بوو





محەمەد عەلی*

دەربارەی داستانی مەزنی شارستێن زۆر نوسراوە، بە یادەوەری ئەو داستانە، بۆ ئەمساڵ بە پێویستمان زانی کە لەسەر سنووری جەماوەری ناوچەکە بنووسین، بە تایبەتی دوو داستان و ڕاپەرین لەو ناوچەیە لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز بەرابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی.

تایبەتمەندیی ناوچەی مەرگە

ناوچەی مەرگە پێکهاتووە لە **49**گوند و لە سنووری ئیدارەی ناحیەی بنگردە، پێشتر تاکو ساڵی **1970** سەر بە قەزای پشدەر بووە، دواتر خراوەتە سەر قەزای ڕانیە و لەساڵی **1976**بە دواوە کەوتووەتە سەر ئیدارەی قەزای دووکان.

ناوچەکە زۆر دەوڵەمەندە لە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، جەماوەرەکەی خەڵکیکی نیشتمانپەروەرو دلسۆز و میواندۆستن. لەڕووی کۆمەڵایەتی چەندین ئاکاری جوانیان هەیە، لەڕووی نوسین وخوێندنەوەو قسەکردن لەزمانی ڕەسەنی ڕیزمانی کوردی زۆر نزیکن. لەڕووی جوگرافییەوە زێێ بچووک لە ناوچەی پشدەر جیای دەکاتەوە، سنووریکی ناوچەی شارباژێرەو سنوریکی دیکەشی ناوچەی سورداشە. لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی گوندی مەرگە قەزا بووە.

لەسەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە **11/9/1961** خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، بۆ نموونە: لەساڵی **1962**بنکەیەکی پسشمەرگە لە ناوچەکە کرایەوە بەناوی بنکەی ئاسۆس، لە سەرەتا محەمەد ئەمین مام کەریم و دواترعەریف عەلی حسێن و دواتریش عومەر میراو بەرپرسی ئەو بنکەیە بوون. دانیشتوانی ناوچەکە زۆر دلسۆزانە لە دەوری ڕێکخستنەکانی حزب کۆبوونەوە. لە ڕوی ڕێکخستنەوە، ئەو کاتە لیژنەی ڕێکخراوی مەرگە هەبوو لە ساڵی **1965.** لەبواری سەربازی، بەتالیۆنێک لەو سنورە کرایەوە کە ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی فەرماندەی بەتالیونەکە بوو، هەر لەو ساڵەدا عەریف دەرویش بوو بە ئامر بەتالیونی چواری مەرگە، کە کەسێکی زۆر بەتوانا بوو، لە بواری سەربازی و کۆمەڵایەتی لە سنورەکە لەگەل ڕێکخستنەکانی پارتی زۆر هاوکاربوو، خەڵکی سنورەکەش لە بواری هاوکاری و خزمەتگوزاری زۆر هاوکار بوون. بەتالیونی چوار سەر بە هێزی ڕزگاری بوو. لە ساڵی **1968**ئەو بەتالیونە(**16**) لقی پێشمەرگەی هەبوو کە لە**80%**ی لە دانیشتوانی سنورەکە پێکهاتبوون. ڕژێمی عیراق بەوهێزە زۆرە لە سنوورەکە تەنگەتاو بوون و بڕیاریاندا پەلامارى ناوچەکە بدەن.

پەلامارداني ڕژیم بۆ ناوچەی مەرگە

لە پایزی ساڵی **1969** هێزێکی زۆری ڕژێم بە پالپشتی تۆپخانەو فڕۆکەی جەنگی و هاوکاری بەکریگیراوانی بە ناو کورد کە لە پێشی سوپای عیراقەوە ڕووبەڕووی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەبوونەوە، لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی گوندەکانی ناوچەکەیان داگیرکرد و **29** گوندیان کەوتە ژێردەسەلاتی ڕژیم، جەنابی مستەفا بارزانی لە داگیرکردنی ئەو ناوچەیە زۆر نیگەران بوو، فاخیر میرگەسوری نارد ناوچەکەو لە بەرنامەیەکی تۆکمەدا هێرشکرایە سەر هێزەکانی ڕژیم و پیاوەکانی لە نیوەی شەودا و لە ماوەی(**5**) کاتژمێر هەموو ناوچەکە ئازاد کرا. بەهۆی ئەو سەرکەوتنە مەزنە، ڕژێم ناچاربوو داوای دانوستان لە سەرکردایەتی شۆڕش و جەنابی مستەفا بارزانی بکات، کە ریککەوتنی یانزەی ئازاری میژوویی ساڵی **1970**ی لێکەوتەوە. لە دوای خیانەتەکەی جەزائیر، جەنابی بارزانی بۆ ئەوەی گەلی کورد لە قڕکردن و لە ناوچوون بپارێزێ، بریاری دا شۆڕشەکە بکاتە قوربانی نەتەوەی کورد و بۆ ماوەیەک شۆڕش وەستا، بەڵام بەردەوام لە بیرو بەرنامەدا بوون کە شۆڕش دەست پێبکاتەوە. لە مانگی **5/1976**دکتۆر کەمال کەرکووکی یان نارد سنووری ناوچەی مەرگە بۆ ڕێکخستنەوەی پارتایەتی و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە فەرماندە و پێشمەرگەو کادرانی ئەیلول لە ماوەیەکی کەم دا دلسۆزانە بە پیر بانگەوازی پارتی و بارزانییەوە هاتن و بوون بە پێشمەرگە، ڕژیم لە **26/12/1976**بە هێزێکەوە هاتە ناوچەکە و لە گوندی شارستێن ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بوونەوە، بە سەدان سەرباز لە ڕژێم کوژران و، (**8**) شەهیدی پیشمەرگەو **17**شەهید لە هاوولاتی بوونە قوربانی. ئەم داستانە بە دۆست و دوژمنان وهەموو جیهانی ڕاگەیاند کە شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی کۆتایی نایەت و بەردەوامە.

جەنابی مستەفا بارزانی هەردەم بریاری کۆڵنەدان و بەردەوامبوونی داوە، لەسەر ئەو بیرۆکەیە و، بەردەوام بوون و بروابەخۆبوون و پاڵپشت بە گەلی کورد چەندین هەورازو نشێوی بڕی، تاکو کوردی گەیاندە ئەمڕۆ کە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین و، هەرێمێکی ئارام و ئاوەدانمان هەیە کە بووەتە جێگای تیڕامانی دەوروبەروهەموو دونیا، ئەو بەردەوام بوونە درێژەی دەبێ بە پشتیوانی و هاوکاری گەلی کورد و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەو تەبایی و یەکریزی هەموولایەنە سیاسییەکانی کوردستان و تیکۆشەرەکان، تاکو دەگەینە دوا قۆناغی سەرکەوتن کە حکومەتی سەربەخۆیی کوردستانە لەسەر بەرنامە و دەستی سەرۆک بارزانی.

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی شەهیدان و سەروەریان مەلا مستەفا بارزانی.

هەزاران سلاو لە هێزی پێشمەرگە و خەلکی خۆراگری کوردستان.

نیشتمانپەروەر و خۆراگری ناوچەی مەرگە، کە ئەو ناوچەیە هەردەم مەیدانی داستان و بەرگری و خۆراگری و سەرکەوتن بووە.

*** کارگێڕی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٢٧٤١٨ بەرواری ٢٠١٥/١١/٤ بەبڕی ١٠٠٠٠٠٠ بەناوی فارس محمدامین احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەشی عربی بەناوی عبدالله عبدالمناف هەینی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٦٠١٨/ش/٢٠١٩/٤

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/٢٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (دلشاد عمر رحمان)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (تازیا اومر موسی) داوای ژمارە (٦٠١٨/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق بسبب الهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (هەولێر/ گەرەکی بەختیاری) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/٢٢ بەپێچەوانەوە دادبینی پاشمەلە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکانی هەولێر

کارگێڕی/ خۆیەتی

ژمارە: ١٩٠٣/٨٠٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢٣

بۆ بەڕێز/ ناز خضر علی (ڕووپێو)

گەڤ (وریاکردنەوە)

لەبەر دابرانت لە کار لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەبێ هۆو ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی ٧ ڕۆژ دەست بەکاری خۆت بکەیتەوە ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت لەماوەی (٣٠) ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەپێی برگەی (٤) لە بەندی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٣٤) لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراو کۆتایی بەڕاژەکەت دێنین.

ئەندازیار/ سرود عبدالمجید عبدالقادر

بەڕێوەبەری ناوەڕۆکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (صالح عبدالله نجم) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩ کە داوای تۆمارکردنی نامێزەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانوسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

نامێزەکان:

١- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ٢٤B٥ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A١٠٠. سکانیا

٢- کۆلن تاوەرو چلەری ئاو ساردکردن و گەرم کردن بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٣- بۆیلەری هەڵم و بوخار ژمارە/ ٩٨٠٠٥ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥. یەك طەن.

٤- شرینگی بەسێت کردنی شیرنەمەنی بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.

٥- طاحونەو میکسەری تێکەڵ و حەلاندنی شیر بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٦- هامۆژنی دروستکردنی شری تەبیعی بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٧- پاستۆری حرارى تەعقیم کردن ژمارە ١٩٤ دروستکراوی ئیسپانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٨- ٣ خەزانی سێ ئای یی ٢ طەنی دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ ° ٣.

٩- تێکردنی فاستی یەك کیلۆیی بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

١٠- تێکردنی ماست و ماستاو بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.

١١- دوو کۆمپریسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی المانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥,١٠°K.W٢ طن +١٠ طن.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:١٨٢٩/ش/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١

جاردان

بۆ داوالێکراو محمد سعدی هادی

شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ١٨٢٩/ش/٢٠١٩/٢ وە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٤ بڕیاریدا لەسەر (استرداد حضانة) لەنێوان تۆ و داواکار (نورا فواز خضر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ژیان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارنامە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٦

ژمارە:٥٦٥/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٧

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمود سفین حیدر)

داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (العروش) بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیل سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (٥٦٥/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوا دەکات بەدانی بڕی پارەی (٣٨٢,٠٠٠) سێ سەد و هەشتا و دوو هەزار دۆلاری وە لەڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٢) بڕیاری دا لەسەر (التفریق للهجر) لەنێوان تۆ و داواکار (شیماء علی حسین)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گەڕەکی دووەمی ئازادی)، بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارنامە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێڕقانییا ل پارێزگەها دهوك

سەروکاتیا باژێڕقانیا ئاکرێ

هوبا نەخشە بنیاتی

ژمارە: ٣٤٤/٣٥/٣٥

میژوو: ٢٠١٩/١٢/٢٢

ئاگاداری

ل دویف نڤیسارا ڕێڤەریا نەخشە دانانا ئافەدانی ل پارێزگەها دهوکی ژمارە (٣٣٠٢) ل ٢٠١٩/١٢/١٩ سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ ئاگەهداری کرنا راستکرنا بلۆکێ نیشتەجێ دکەت بو خزمەت گوزاری نەوێ دکەڤیتە دناف نەخشەێ ژمارە (٤١٥) کو پارچە ئەردێن ژمارە (٨١/٤ و ٨٢/٤ و ٨٣/٤ و ٨٥/٤ و ٨٦/٤ و ٨٧/٤ و ٨٨/٤ و ٨٩/٤) کەرتێ ١٠٠ ساڤوك دکەڤنە تێدا بو مەرەما دروست کرنا قوتابخانا برایان یا ئەهلی. لەوما هەر کەسێ پیشنیارەك یان بەرهڤنگاریەك هەبیت بلا ناراستە سەروکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن د ماوەی هەیڤەکی دا ل ڕوژا بەلافکرنا ئاگادارییێ... دگەل ڕێگرتنی.

بلند رضا زبیر

سەرۆکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (گیلان شاکر سلیمان) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ تاك) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (گیلان شاکر سلیمان) بۆ کۆمپانیای (نجمان محمود شوان)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا و سەرکەوتنی جۆنسۆن و کشانەوە لە یەکێتی ئەورووپا

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

بۆریس جۆنسۆن سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا داوایکرد، دەرگای رارایی لە هەمبەر کشانەوە لە یەکێتی ئەورووپا (بریکست) بە یەکجاری دابخرێت. گوتیشی سەرکەوتنمان لە هەڵبژاردنەکان ڕێگەمان پێدەدات لە 31کانونی دووەم بەیەکجاری بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بێتە دەرەوە و بکشێتەوە.جۆنسۆن یەکێک بوو لە دیارترین ئەو کەسایەتیانەی کە بەشدار بوو لە هەڵمەتی کشانەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا لە ڕاپرسییەکەی ساڵی 2016، بە دروشمی (بریکست جێبەجێ بکەن) چووە نێو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بەڵێنی دا لە کە لە ڕێگە داخراوەکە بەریتانیا دەردەچوێنێت و بودجەی زیاتر بۆ پەروەردە و تەندروستی و پۆلیس تەرخان دەکات .





دوای سەرکەوتنی مارگرێت تاتشەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1987 سەدەی ڕابردوو ، جۆنسۆن یەکەم کەسایەتیە کە گەورەترین سەرکەوتن بۆ پارتی پارێزگارانی بەریتانیا بەدەست دەهێنێت و گورزێکی بەهێزی لە ڕکابەرەکەی سەرۆکی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی ئۆپۆزیسیۆن جێرمی کۆربین وەشاند و 365کورسی بە دەستهێنا بە زۆرینەی 80 کورسی،پارتی کرێکارانیش تەنیا 203کورسی بەدەستهێنا.لەوەتەی ڕاپرسیەکەی 2016وە بریکست ، بەش بەشبوون و جودایی لە نێو بەریتانیا هێنابووە ئاراوە ، گەڕان بەدوای خود لە هەموشتێکدا لە بەریتانیا وروژاندبوو ، لەوانەجوداخوازی و کۆچبەران و دواتریش سەرمایەداری و ئیمپارتۆریەت و بەریتانیای نوێ.

جۆنسۆن و دەستپێکردنی قۆناغی چارەسەری

جۆنسۆن لە بەردەم شوێنی نیشتەجێبوونی لە 10 داونینگ ستریت گوتی، زۆر بە ڕاشکاوی پێتان دەڵێم، دوای سێ ساڵ و نیو لە گفتوگۆی بێ سود ، ئێستا داوا دەکەم ئەو لاپەڕە لابەرن و هەموو لایەک هان دەدەم قۆناغی چارەسەر دەست پێبکەین . زۆر باش دەزانم دوای پێنج هەفتە لە پرۆسە و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەو وڵاتە (بەریتانیا) پێویستی بە حەسانەوەیە لە تێکهەڵچوون و گفتوگۆی بێ سود و بێ بەرهەم.پێویستمان بە حەسانەوەی سیاسیە ، پێویستمان بە حەسانەوە و دوورکەوتنەوەیە لە قسەکردن لەسەر (بریکست).

بەو سەرکەوتنە جۆنسۆن دەتوانێت ڕێککەوتننامەی بریکست پشتراست بکاتەوە کە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ئیمزا کراوە. ئەوکاتە میرنشینی یەکگرتوو دەتوانێت لە 31 کانونی دووەمی 2020 لە یەکێتی ئەورووپا بکشێتەوە.واتە دوای دەمانگ لەو وادەیەی کە لە بنەڕەتدا بۆی دیاریکرابوو . لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەوانەی دژایەتی (بریکست) و هەموو ئەوانەی لایەنگری (بریکست) دەکەن باش دەزانن ، ئەو هەنگاوە جیۆسیاسییە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە زۆر گرنگە بۆ بەریتانیا ، چونکە بەریتانیا وەک پێنجەم گەورەترین ئابووری جیهان و یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی کیشوەری ئەورووپا بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات .

بەدەستهێنانی ئەو زۆرینەیە لە هەڵبژاردنەکان چەند سەرکردەیەکی دیکەی بەریتانیامان دێنێتەوە یاد لەوانە مارگرێت تاتشەر، هەروەها تۆنی بلێر کاتێک سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی بەریتانیای کرد، بەڵام بەگوێرەی جۆنسۆن ، جگە لە پرسی بریکست هیچ بیرۆکە و تێڕوانینێکی دیکەی نەخستووەتەروو بۆ شێوەی بەریتانیا لە ئایندەدا.جێی زانینە پارتی پارێزگارانی بەریتانیا توانی لە هەڵبژاردنەکان ڕێژەی 43.6% دەنگەکان بەدەست بهێنێت ئەوەش گەورەترین سەرکەوتنە لە دوای سەرکەوتنی تاتشەر لە ساڵی 1979، زیاتریشە لەو ڕێژەیەی کە تۆنی بلێر لە هەڵبژاردنەکان بەدەستی هێنا لە هەرسێ هەڵبژاردنەکاندا. لەلایەکی دیکەوە ، جێرێمی کۆربن سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا گوتی، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێگەی داخە بۆ پارتی کرێکاران و ئەنجامەکان دڵخۆشکار نەبوون.دەمەوێ بڵێم لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرنامەیەکمان بۆ یەکگرتن و بۆ هیوا بەخشین خستە ڕوو ، بەرنامەیەکمان بۆ چاککردنەوەی هەڵەکان و زۆڵم و نادپەروەری خستەڕوو کە لەو مەملەکەتە لە ئارادایە.هەروەها دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، من لە هیچ هەڵبژاردنێکی گشتیی دیکەدا سەرۆکایەتی پارتی کرێکاران وەرناگرمەوە ، لەگەڵ حزبەکە لەوە دەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بە قوڵیی بیر بکەینەوە تاکو ئەنجامەکان بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕین.

ڕۆیتەرز

58 مین هەفتەی خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکانی فەڕەنسا



گرووپی ئێلەگ زەردەکانی فەڕەنسا لە 58مین هەفتەی خۆپیشاندانەکانیاندا جارێکی دیکە دژبە سیاسەتەکانی سەرکۆماری ئەو وڵاتە، ئیمانوئێل ماکرۆن ڕژانەوە سەر شەقام. لە پێنجی کانوونی یەکەمیشەوە مانگرتنەکانی دژبە چاکسازییەکانی ماکرۆن لە سیستمی خانەنشینیدا دەستپێکردووە. خۆپیشاندەرانی پاریس لە مەیدانی باستیل-ەوە تا گەڕەکی کیشی ڕێپێوانیان ئەنجامدا، بەهۆی کەمی ژمارەشیانەوە خۆپیشاندانەکە بەبێ گرژی و ئاڵۆزی بەڕێوەچوو. لە شاری لیۆن ویڕای قەدەغەکردنی خۆپیشاندان، هاوواڵتیان لە ناوەندی شارەکەدا گردبوونەوەیەکی ناڕەزایییان ئەنجامدا. لە شارەکانی دیکەی فەڕەنساش خۆپیشاندان بەڕێوەچوو. پۆلیسی پاریس لە شەقامی شانزەلیزێ کە ڕەمزی شارەکەیە هەروەها لە دەورووبەری کۆشکی ئەلیزێ، پەرلەمانی فەڕەنسا و کلێسای نۆتردام کە لە ئاگرکەوتنەوەکەی مانگی نیساندا زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، خۆپیشاندانی قەدەغە کردووە. جێی وەبیرهێنانەوەیە ساڵی ڕابردوو دژبە زیادکردنی نرخی سووتەمەنی و ڕەوشی خراپی ئابووری کاردانەوە و ناڕەزایی لە فەڕەنسا سەری هەڵدا و لە 17 تشرینی دووەمی 2018 خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکان دژبە حکومەتەکەی ماکرۆن دەستیپێکرد. بەهۆی پێکداهەڵپژانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیسەوە 11 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە چوار هەزار و 250 کەسی دیکەش بریندار بوون، بەتۆمەتی نانەوەی پشێویش 12هەزار و 361 کەس دەستبەسەرکران و لەم ژمارەیەش سێ هەزار و 163 کەسیان بە بەندکردن، سزادران.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1890:
سوپای ئەمەریکا گەورەترین کۆمەڵکوژیی لە دژی هیندیەکانی لاکوتا ئەنجام دا و تیایدا زیاتر لە 150کەس کوژران .



ساڵی 1975:
دەرچوونی یەکەم یاسای بەریتانی سەبارەت بە یەکسانی کرێی پیاو و ژن .



ساڵی 1989:
هەڵبژاردنی ڤاتسلاڤ هاڤیل کاول وەک یەکەم سەرۆکی غەیرە شیوعی بۆ چیکۆسلۆڤاکیا .



ساڵی 1998:
سەرکردەی خەمیرە سورەکان لە کەمبۆدیا داوای لێبوردنیان لە گەلەکەیان کرد بەرامبەر بەو کۆمەڵکوژیانەی لە حەفتاکان لە دژی خەڵک ئەنجامیان دابوو .



ساڵی 2001:
لە ناوچەیەکی میژوویی ناوەڕاستی لیمای پایتەختی پیرۆ ، ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و بەهۆیەوە 280کەس کوژرا.



ساڵی 2016:
وەک هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ بارودۆخی سووریا ، هەریەکە لە ڕووسیا و تورکیا لەسەر وەستاندنی شەڕ لەو وڵاتە ڕێککەوتن .

شەرعییەتی جەماوەر...

کودەتا بەسەر وەهمی تائیفی





سابیر حوسێن

بەو دروشمانەی خۆپیشاندەران بەرزیان کردۆتەوە، خۆپیشاندانەکان دەچنە قالبی شۆڕشەوە، ئەمە قسەی زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سیاسییە کە رۆژانە چاودێری ڕەوشەکە دەکەن، ئەوەش لەو ڕوانگەوەی کە هەموو چین و تۆێژەکان تێدا بەشدارن بە هەموو تائیفە و ئایینەکانیانەوە. هەموویان وەک یەک ڕەخنەیان لە گەندەڵی و بێ کاری و کەمی خزمەتگوزاری و کێچ و ناوارە بوون هەیە. بەڵام چونکە ئەم شۆڕشە گشتی و سەرتاپاگیر نییە، بۆیە زەحمەتە وەک خۆی ئامانجەکانی بپێکێت .یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم خۆپیشاندانانەی بەغدا بریتییە لەوەی چیتر گەنجانی ناو کۆمەڵگەی عێراقی بڕوایان بە مەزهەبگەرایی و تائیفیەت نەماوە.

ئەمە لە لایەک ،لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازیەکی زۆر لە سزای زۆرێک لە چالاکوانانی خۆپیشاندەر و تاوانکارانی خۆپیشاندەرەکان بەدی دەکرێ، بۆ نمونە چەکدارێک چەند خۆپیشاندەران دەکوژێ سزا نادرێ و یەکێکی دیکەش لە شەقام تاوانێکی دیاریکراویش ئەنجام بدات بە تۆندی سزا دەدرێ. هاوکات زۆرێک لەوانەی حەسانە و پارێزبەندیان هەیە دزی و گەندەلی زۆر دەکەن، کەچی خۆیان لە یاسا دەدزنەوە، بۆیە ئەو خۆپیشاندانانە وەک پەرچەکردارێکە لەبەرامبەر ئەو ناعەدالەتیانە و چیتر بەوە ڕازی نابن کە ئەم جۆرە سیستەمە فەرمانڕەوا بێت.

گرنگی و مەترسی قۆناغی داهاتوو

دوای ئەوەی لەژێر گوشاری جەماوەری سەرۆکی حکومەتی عێراق دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە و سەدان خەڵکی خۆپیشاندەر بوونە قوربانی، خوێنی ئەو گەنجانە نەخشە ڕێگەیەکی نوێ بۆ ئایندەی عێراق کێشا. کە لە هەموو دەستوەردانێکی دەرەکی دەپارێزێت. بۆیە قۆناغی داهاتووی عێراق زۆر گرنگ و هەستیار و مەترسیدار دەبێت،چونکە ئایندەی عێراقی لەسەر بونیاد دەنرێت. هاوکات سەرۆک وەزیرانی داهاتووش پێویستە هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە خۆپیشاندەران وەک مەرج دیاریان کردووە، ئەگەرچی ئەم پرۆسەیەش قسەی زۆر و کاتی زۆر هەڵدەگرێ.

کۆچ بکەن لە عێراق

زیاتر لە نیو سەدەیە عێراق خۆشی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەردەوام ناکۆکی و شەڕو ئاژاوە بەرۆکی گرتووە. حیزبەکان لە جیاتی ئەوەی وڵات لە قەیرانەکان دەرباز بکەن، خۆیان بوونەتە زبڵ و خاشاک بەسەر جەستەی وڵاتەوە. بۆیە گەندەڵی و تائیفیەت لەژێر چەتری شاراوەی ئایین بەرۆکی هاوڵاتیانی گرتووە، کەمی خزمەتگوزاری بە هەموو بوارەکانی ژیان تەنیوەتەوە، تەنانەت ئاوی خواردنەوە و پیس بوونی ژینگە و بێ کاری و بێ کارەبایی و بلاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر و هەژاری و برسییەتی بۆتە سیمای هەرە دیاری وڵات.

چەتەکانی بەغدا

ئێستا ئەوە ڕوون بۆتەوە کە زۆرێک لە بەرپرسان گەندەڵی و دزیەکی بەرنامەدار هاوشێوەی چەتەیی فیلمەکانی ئەمریکی لە عێراق ئەنجام دەدەن، بەڵام لە واقیعدا ئەو جۆرە فیلمانە لەو وڵاتانە بۆ چێژ وەرگرتن و زەوقی بینەر و کات بەسەر بردن و هونەرو خۆشگوزەرانیە ،کەچی لە عێراقدا واقیعە و بەردەوام و ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە. شێوەیەکی دیکە لەو چەتەییە پاڵەوانەکانی پیاوانی ئەمنی عێراقن کە بە شێوەی دەمامکداری دێنە ناو گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان و چالاکوانان و کەس و کاریان دەرفێنن و ئەشکەنجەیان دەدەن. تەنانەت هەندێک جار سوکایەتیان پێ دەکەن و ئەوانەش دەکوژن، کە ناچنە ژێر باری فەرمانی هێزە ئەمنییەکانەوە. ئەم ڕووداوانەش ڕۆژانە بەبەرچاوی هەموو خۆپیشاندەران دووبارە دەبێتەوە. بێگومان ئەنجامدانی ئەو کارە قێزەونە چەتەییانە لە ئەستۆی ئەو سەرکردە سیاسیی و حیزبی و سەربازیانەی عێراقە، کە لە ناوچەی سەوز خۆیان حەشاردراوە و ناوێرن ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببنەوە.

شەرعییەتی جەماوەر

ئەوەی ئێستا هەیە بۆتە دیفاکتۆی سیاسی لە تەواوی ناوچەکە بریتییە لە گەرانەوەی تەقدیسی جەماوەری، بەواتایەکی تر هەموو شەرعییەتەکان دەگەڕێتەوە دەستی جەماوەر، بەجۆرێک ئێستا ئەو مۆدیلە خەریکە لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت و وەکو بنەمایەکی فیکری لە بواری میدیای ڕەواجی خۆی پەیدا دەکات. ئەم مۆدیلە لە کۆندا لە ئەورووپا دەرکەوت و پەرەی سەندو ئێستاش خەریکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕەو پەیدا دەکات و دەبێتە دیفاکتۆ.

فەڕەنسا..

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور داوای وەستاندنی توندوتیژی پۆلیس دەکات

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور " "RSFکە بارەگای سەرەکی لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسایە، بەتۆمەتی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەربە پەیامنێران داوای یاسایی لەسەر پۆلیسی پاریس تۆمار کرد. بەپێی میدیای فەڕەنسا، ئەم هەنگاوەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور دوا ئەوە دێت کە 13 ڕۆژنامەنووس لە میانی خۆپیشاندانەکاندا و بەهۆی بەکارهێنانی گوللەی پلاستیکی و گازی فرمێسکڕێژەوە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە بریندارکراون، لەنێویشیاندا پەیامنێرێکی ئاژانسی ئانادۆلۆ هەیە. سکرتێری گشتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، کریستۆف دیلوار ڕایگەیاند "بۆ بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەم تۆندوتیژییانە داوای یاساییمان تۆمارکردووە" و جەختی لەوەیشکردەوە کە پێویستە بەرپرسانی فەڕەنسا بۆ ڕێگریکردن لە بریندارببونی ڕۆژنامەنووسان، چاو بە ڕێگاکانی ڕێکخستنی گشتی پۆلیسدا بخشێننەوە. هاوکات ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور ڕوونکردنەوەیەکی نووسراوی بڵاوکردەوە و تیایدا بەتۆندی ئیدانەی بەکارهێنانی تۆندوتیژی دژبە ڕۆژنامەنووسان لە خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کراوە، باسیش لە بریندارببونی پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلۆ، مستەفا یالچن کراوە کە بەهۆی گوللەی پلاستیکییەوە چاوی بریندارببووبە و ڕووبەڕووی مەترسی لەدەستدانی بینایی بووبووەوە. لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە ئامارەکانی خۆپیشاندانەکان نیگەرانکەرن کە جگە لە مستەفا یالچن چەند خۆپیشاندەرێکیش بریندارببون. هەروەها بەرپرسی ئەورووپای ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، پۆلینا ئادیس موقێل بانگەوازێکی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی فەڕەنسا کردووە و داوای کردووە فەرمان بە هێزە ئەمنییەکان بدرێت ڕێز لە پیشەی ڕۆژنامەنووسان بگرن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە شەش مانگی خۆپیشاندانی ئێلەگ زەردەکاندا، 54ڕۆژنامەنووس بەهۆی تۆندوتیژییەکانی پۆلیسەوە بریندارببوون. پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلۆ، مستەفا یالچن ڕۆژی پێنجی ئەم مانگە و لەمیانی خۆپیشاندانەکانی دژبە چاکسازییەکانی حکوومەتی ماکرۆن لە سیستمی خانەنشینیدا، لەمیانی وێنەگرتنی پێکداهەڵپژانەکانی نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران لە نزیک مەیدانی ریپۆبلیکی شاری پاریس، تەنێکی ڕەق جامی ماسکەکەی شکاند و بەسەختی چاوی بریندارکرد. دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە، نەشتەرگەریەکی پێنج کاتژمێری بۆ ئەنجامدرا، بەهۆی سەختی برینەکەشییەوە مستەفا یالچن ڕووبەڕووی مەترسی لەدەستدانی بینایی چاوی چەپی بووەوە. فریاگوزاری فەڕەنسی، ڕۆنان پاکس پێی وایە ئەو تەنە ڕەقەی جامی ماسکەکەی ناوبراوی شکاندووە گوللەی پلاستیکی هێزەکانی پۆلیس بووە. ڕۆژی ڕووداوەکە بەهۆی پێکداهەڵپژانی خۆپیشاندەران و پۆلیسەوە جگە لە مستەفا یالچن دوو ڕۆژنامەنووسی دیکە و خۆپیشاندەرێک بریندارببوون.



مانشێت



سکای نیوز :
لە ویلایەتی کانساسی ئەمەریکا ، تەقینەوەیەک لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی تیکسترۆن بۆ فرۆکەوانی ڕوویدا و لانی کەم 15کەس بریندار بوون .



ئیلاف:
باهۆزی فانفۆنی لە ناوەڕاستی فلیپین ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 28کەس .



ئەی ئێف پی:
دوای ئەوەی پوتن ڕەخنەی ئاراستەی ڕابردووی گەلی پۆلەندا کرد ، وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بانگهێشتی باڵیۆزی ڕووسیای کرد .



ڕۆیتەرز:
ڕێکخراوی داعش لە نایجیریا ڕایگەیاند کە وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بەرامبەر بە کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی 10کەسی کرستیانی کوشتوە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بەرپرسێکی یەکێتی ئەورووپا بەدووری نەزانی پرۆسەی بڕیگزت تا دوای ساڵی 2020دوا بخرێ .



کەنالی ئار تی :
لە مۆڵێکی شاری ئۆرۆرای ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکا و لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا کەسێک گیانی لەدەست دا .

تەکنەلۆژیا بەهۆکارێکی سەرەکی زیاد بوونی قەڵەوی دادەنرێت لە جیهاندا

دکتۆرە ئیسرا کەمال شاە محەمەد: خواردنی ناتەندروست بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی تووشبون بە نەخۆشیە درێژخایەنەکان دادەنرێت



دیمانە:وریشە عومەر

ئیسرا کەمال شاە محەمەد، بەکالۆریۆس لە پزیشکی گشتی و ماستەر لە زانستی خۆراک بەریتانیا
دەرچووی زەمالەی چیڤینینگی بەریتانی،لەدیمانەیەکدا وەلامی پرسیارەکانی خەباتی بەمجۆرە دایەوە:

وەکو پزیشک چی دەڵێی دەربارەی سیستەمی تەندروستی لە کوردستان؟

بەبۆچوونی من سیستەمی تەندروستی وڵاتی ئێمە جارێ زۆر لە سەرەتادایە، بەڵام هەوڵی باش ئەبینم بۆ بەرەو پێشبردنی کە ئەمە مایەی دڵخۆشی یە.

تاچەند هاوڵاتیانی کوردستان ڕۆشنبیری تەندروستی و خۆڕاگییان هەیە؟

بەخۆشحاڵیەوە لەم ساڵانەی دوایدا بە هۆی ئیشەکەمەوە زۆر بەرکەوتەم لەگەڵ خەڵکدا هەیە کە زۆر ڕۆشنبری خۆراک تیایاندا زیادی کردوە و خولیایانە کە شتی زیاتر لە بارەی شێوازی ژیانی تەندروست بزانن و پەیڕەوی بکەن.

هۆکارەکانی زۆر مردنی لەناکاو لە کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بەڕاستی لەبەر ئەوەی هیچ داتایەک لەبەردەستما نییە کە بە تەواوی پێمان بڵێت کە ئایا لە ڕاستیا ڕێژەی مردن زیادی کردوە لە کۆن یاخود نا وە ئایا هۆکارەکەی چی یە ؟ بەڵام بێگومان شێوازی ژیانی نا تەندروست و خواردنی نا تەندروست هۆکارێکی گرنگە لە زیاد بوونی ئەگەری نەخۆشیە درێژخایەنەکان لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

هۆکارەکانی زۆربوونی ڕێژەی شێرپەنجە بۆچی دەگەڕێتەوە لەکوردستا ؟



دەتانین تەکنەلۆژیا بە یەکێک لە هۆکارەکانی ژیانی نا تەندروست دابنێین

بێگومان وەکو لە پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد خواردنی ناتەندروست بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی تووشبون بە نە خۆشیە درێژخایەنەکان دادەنرێت وەکو شەکر ە و زەخت و نەخۆشی دڵ و هەوکردن و هەندێ جۆری شێرپەنجە.

پێویستە مرۆڤ لەماوەی چەند پشکنین بۆخۆی بکات؟

پێویستە کەسانی ئاسای کە نەخۆشیان نی یە بە نزیکەی ساڵی جارێک پزیشک بیانبینێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت وە ئەوکەسانەی نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیە پێویستە زوو تر سەردانی پزیشکەکانیان بکەنەوە و لە و وادەیەی پزیشکەکە بۆی دادەنێت ئاماده بێت .


باشترین چارەسەر بۆزەخۆش عیلاجە یان لایەنی دەرونی ؟تاچەند لێرەبایەخ بەلایەنی دەرونی دەدرێت؟

لایەنی دەروونی لە هەموو جۆرە نەخۆشیەکدا دەبێت ئاگاداری بین کە بە داخەوە لە وڵاتی ئێمە پشتگوێ خراوە

بێگومان لایەنی دەروونی لە هەموو جۆرە نەخۆشیەکدا دەبێت ئاگاداری بین کە بە داخەوە لە وڵاتی ئێمە پشتگوێ خراوە ،بەڵام چارەسەری نەخۆشیەکە و لایەنی دەروونی کەسەکە دەتوانین بە تەواوکەری یەکتریان دابنێین و هیچیان شوێنی ئەوەی تر ناگرێتەوە.

بۆچی وڵاتیان بۆچارەسەری ڕوحی و دەروونی بایەخ بەلایەنی دەروە،بۆچارەسەری باوەڕیان بە پزیشکی خۆمان نیە ؟چی بکرێ بۆی خەڵک باوەڕی بەپزیشکی خۆمان هەبێت؟

ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیر و ڕای کەسەکان کە لە دێر زەمانەوە وتراوە گلی دوور دەرمانە یان هەندێ جار کەسەکە هەست دەکات کە کولفەکەی کەمتر تیدەچێت بۆئەوونە کە ئەچنە ووڵاتە هەرزانەکان کە بە پێچەوانەوە لە کۆتایدا چەند هێندە گرانتر دەکەوێت لەسەریان. سوپاس بۆ خوا لە وڵاتی خۆمان دکتۆری زۆر باشمان هەیە لە زۆربەی بوارەکان کە پشتیان پێدەبەستریت ، بەڵام ئەمەش تەنها پێویستی بە کاتە تا ئەو متمانەیە بگەڕێتەوە نێوان نەخۆش و دکتۆری خۆمان ئەویش بە لێکتێگەشتنی هەردوولا بەیەکەوە و کاتدان بە نەخۆش کە چی لە دڵیدایە بۆ دکتۆرەکەی خۆی باس بکات و دڵنەوای تەواو لە دکتۆرەکەی خۆی وەربگرێت.



تاچەندهۆکارەکانی تەکنەلۆژیا کاری گەری لەسەر تەندروستی مرۆ هەیە؟بەتایبەت مۆبایل؟

دەتانین تەکنەلۆژیا بە یەکێک لە هۆکارەکانی ژیانی نا تەندروست دابنێین کە بۆتە هۆی ئەوەی کەسەکان جوولەیان کەم بێتەوە لە ڕووی دەروونیەوە ڕووخاون و کاتیان نیە بۆ بەرامبەرەکانیان وە هەروەها بە هۆکارێکی سەرەکی زیاد بوونی قەڵەویش دادەنرێت لە جیهاندا.

هۆکاری سەرکی بۆتوشبون بەنەخۆشی شەکرە چیبە ؟

هۆکاری توشبوون بە نەخۆشی شەکرە یاخود نەخۆشی دڵ هۆکار زۆرن ناتوانین لەتەنها خاڵێکدا کۆی بکەینەوە، بەڵام دەکرێت قەڵەوی و جگەرەکێشان و خواردنەوەی زۆری مەی و نەجوڵان و خواردنی ناتەندروست و بوونی هەندێ نەخۆشی دیکە ڕێ خۆشکەر بێت بۆ توشبوون بەو نە خۆشیە دریژخایەنانە.

ڕێگەیەکی ئاسان بۆ خێراکردنی سیستمی ئەندرۆید



پسپۆڕانی بواری تەکنیک و تەکنەلۆژیا ئاماژەیان بە ڕێگەیەکی ئاسان کردووە بۆئەوەی دووبارە سیستمی ئەندرۆید خێرا بکرێتەوە.بەگوێرەی وێبسایتی "لایف هاکەر" ڕێگەیەکی ئاسان هەیە بۆ ڕزگاربوون لە فایلە کاتییەکانی ناو بەرنامەکانی"App Cache"؟ئەم ڕێگەیەش یارمەتیدەرە لە دووبارە خێراکردنەوەی مۆبایل وەک ئەوەی لە سەرەتادا کڕادابێت.شایەنی باسە ئەمە بە باشترین ڕێگە دادەنریت بۆئەوەی دووبارە مۆبایلی ئەندرۆید خێرا بکرێتەوە، چیتر پێویست ناکات بۆ دووبارە خێراکردنەوەی سیستمەکە مۆبایلەکە فۆرمان بکرێت.جێی ئاماژە پێدانە سڕینەوەی فایلەکان و زانیارییەکانی ناو ئەم بەرنامانە ناپێتە هۆی سڕینەوەی هیچ داتایەکی تایبەتی لەناو مۆبایلدا، بەڵکو تەنها ئەو فایلانە دەسڕێتەوە کە زیانبەخشن و دەبنەهۆی خاوبوونەوەی مۆبایلەکە و پڕیانکردووە.ئەو کەسانەش کە سیستمی " Android 9 Pie"یان کۆپییە کۆنەکەی بەکاردەهێنن، پێویستە لە سەرەتادا بەرنامەی " Files"لە مۆبایلەکانیان دابەزێنن، دوای ئەوە دەبێت ڕێگە بە بەرنامەکە بدرێت کە بگات بە مەودای داتا هەڵگیراوەکان، دواتر ئەو بەرنامەیە خۆی فایلە زیانبەخشەکان و ناپێویستەکان دیاریدەکات، کە تەنها شوێنیان لە مۆبایلەکەدا گرتووە، لێرەدا دەتوانیت بە ئاسانی بیانسڕیت و مۆبایلەکەت دووبارە خێرا بکەیتەوە



کتێبی ژنە نووسەرەکانی کورد بڵاوکرایەوە

ئەم کتێبە تایبەتە بە ژنە نووسەر و وەرگێڕەکانی کورد.. کە بیست خانمی نووسەری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆ گرتووە، کە ئەمانەن: "کوردستان موکریانی، شوکریە ڕەسوڵ، سۆزان جەمال، مەهاباد حەسەن، بەیان سەلمان، شیرین. ک، ڤینۆس فایەق، کنیز عەبدوڵڵا، گەلاوێژ خان، شیرین تایر، زێنەب یوسفی، کازیوە سالح، باران، چنار نامیق، چنوور نامیق، شلێر ڕەشید، نازەنین عوسمان، فەرزیە سالح، زارا ستاوەند، شیلان گەیلانی"بەداخەوە تا ئێستا سەبارەت بە ژنانی نووسەری کورد، کتێب و نووسین کەمە، ئەگەر کەسێک بیەوێ دەربارەی ژنانی نووسەر و وەرگێری کورد زانیاری وەچنگ کەوێ، هیچی بەردەست نییە.. لەکاتێکدا زانیاری زۆر باش لەبارەی ژنە نووسەرەکانی زۆربەی وڵاتانی دیکە بەردەستە، بۆ وێنە: ژنانی ئەمریکی، ئەروپی، فارسی، تورکی و عەرەبی.. ئەم کتێبە خانمە نووسەر و وەرگێڕە زیندووەکانی لەخۆگرتووە، بەمشێوەیەش وێستوومانە مۆدێل و ڕەوتی "زیندوو کوژی مردوو پەرست" بگۆڕین. ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی لە سەرووی دە کتێبیان بڵاوکردۆتەوە لەچوارچێوەی کتێبەکەدا بوونی هەیە. ڕیزبەند و دانانی خانمە نووسەرەکان لەژێر بنەمای ژمارەی کتێبەکانیان دانراوە، کتێبەکانیشیان بەشێوەی ڕیزبەندی لەکۆنەوە بۆ نوێ دانراوە و ناساندن بۆ کتێبەکانین کراوە، هەروەها چەند کتێبێکی چەند نووسەرێک لەسەدەی پێشوو چاپکراوە و لەبازاردا نەماوە، لەبەرئەوە تەنیا ناوی کتێبەکەمان هێناوە و ناساندمان بۆی نەکردووە. هاوکات، بەشێک لە تێکستی نووسەر و وەرگێڕەکانمان داناوە، بۆ ئەوەی بە زمانی نووسینی ئەو خانمانە ئاشنابن. هەروەها ، ئەم کتێبە دەبیتە بەرگی یەکەم، لە داهاتوودا کار لەسەر بەرگی دووەمی کتێبەکە دەکرێ، کە چەندین خانمی دیکە لەژێر بنەمای بەرگی یەکەم لە بەرگی دووەم دادەنرێ.. ئەم کتێبە بە قەبارەی 16 بە 23، لە دووتوویێ 350 لاپەڕە لەلایەن زامدار ئەحمەد ئامادەکراوە و لە چاپخانەی چوارچرا–سلێمانی چاپکراوە.. سبەینێ لە سلێمانی لە کتێبخانەکانی ڕەهەند و چوارچرا، هەفتەی داهاتووش لەە هەولێر لە کتێبخانەکانی فێربوون و مەم و زین دەست دەکەوێ..لەلایەن ئەنجام ئەنوەر دیزاینی بەرگی بۆ کراوە..

لابردنی باکگراوندی هەر وێنەیەک بەبێ بەکارهێنانی هیچ بەرنامەیەک

زۆربەی بەرنامەکانی دەستکاری کردنی وێنە لەڕێگەی چەند ئامرازێکەوە دەتوانیت باکگراوندی وێنەکان لابببەت بۆ نموونە فۆتۆشۆپ دەتوانیت لەڕێیەوە ئەو کارەی پێبکەیت ، بەڵام ئەی ئەگەر کەسێک سەرەتای بوو یاخود هیچ زانیاری لەسەر ئەو بەرنامانە نەبوو ، لەڕێگەی چەند ئەلگۆزریتمێکی نوێوە چەندین کار دەتوانریت خودکارانە بکرێت ، بۆیە ئەم کارەی ئێستاش زۆر ئاسانکاری بۆ کراوە لەڕێگەی ئامرازی remove.bgلەماوەی چەند چرکەیەکدا باکگراوندی هەروێنەیەکت بۆ لایدەبات.

لەڕێگەی ئەم وێبسایتەوە دەتوانیت لە چەند چرکەیەکی کەمدا باکگراوندی هەر وێنەیەکت بۆ لاییببەیت ، هەموو ئەوەی پێویستە بیکەیت تەنها وێنەیەک هەڵبژێریت و چەند چرکەیەک چاوەڕێ دەکەیت و دواتر پێویست ناکات هیچ بکەیت خۆی خودکارانە هەموشتێک دەکات لە کۆتایدا تەنها وێنەکە دادەبەزێنیت و تەواو.گەشەپێدەرانی وێبسایتەکە دەڵێن کە زیرەکی دەستکردیان تێدا بەکارهێناوە(Ai) کە ڕووی دواوەی وێنەکە دەست نیشان دەکاو خودکارانە لایدەبات ، بۆ چوونە نێو وێبسایتەکە کرتە لەم لینکە بکە: www.remove.bg





وێنەی ئەو دیاندەیەی پێشتر ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ گولیزخان ئەنجامی دابوو

شاجوانەکەی شەترەنجی کازاخستان

لە نێو 300 لاوە هەلکەوتووەکە بەباشترین سەرۆکی داهاتوو هەڵبژێردرا

خەبات: هاوار مورتکەیی

گولیزخان ناخباییڤا گراندماستەرە بەناوبانگەکەی جیهان کە 7جار توانیویەتی ببێتە پاڵەوانی کازاخستان، لەنێو 300لاوە هەلکەوتووەکەی وڵاتی کازاخستان بەباشترین سەرۆکی داهاتوو هەڵبژێردرا.

ئەم پرۆژەیە کە بیرۆکەی سەرۆکی کازاخستان بوو لەپێناو دیاریکردنی پیشەیانەی لاوانی هەلکەوتوو پێشکەشی کرد و زیاتر لە 13هەزار لاو بەشداریان تێداکرد و پرۆژەکەش بریتی بوو لە گرنگی وەلامدانەوەی چەند پرسیارێک بەزووترین کات و لەرێگای تۆڕی گەیاندنی ئینتەرنێتەوە بە چوار قۆناغ بەڕێوەچوو، گولیزخان ناخباییڤا خانمە شەترەنجزانی کازاخستانی و هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەر یەکێک بوو لەبەشداربووانی ئەو پرۆژەیە و دواجار لەنێو باشترین 300لاوی هەلکەوتوو توانی بەباشترینی پرۆژەکە دەربچێت.

گولیزخان لەپەراوێزی ئەو دەسکەوتەی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد و گوتی: دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من یاریزانێکی شەترەنج بووم بۆیە توانیم هەرچوار قۆناغ بەسەرکەوتووی ببڕم، چونکە شەترەنج ئەوە دەخوازێ کە بەخێرایی ببر بکەیتەوە و زاڵ بیت بەسەرخۆت تا بتوانی بڕیارێکی دروست بدەی، ئەم پرۆژەیەش ئەوەی دەخواست کە بەخێرایی بتوانی وەلامی دروست بدەیتەوە، بۆیە دەڵێم شەترەنج یارمەتیدەرم بوو لەبەدەستهێنانی ئەم دەسکەوتە کە تاماوم شانازی پێوە دەکەم.

جێی باسە ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە 4681ی ڕۆژی 12/11/2014دیمانەیەکی لەگەڵ ئەو شەترەنجزانە ئەنجامدا و مانشێتی ئەوکاتی دیمانەکە بریتی بوو لە (دەیەوێت ببێتە بەهێزترین ئافرەت لە جیهان).



راکیتیچ: ڤالڤێردی قسەم لەگەڵ ناکات

ئیڤان راکیتیچی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر بەشداری پێنەکردنی یارییەکانی ئەم دوایبە نیشاندا و پێی وایە کە ڕۆیشتنی لەو یانەیە زۆر نزیک بۆتەوە.

راکیتیچ لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕادیۆی کەتالۆنیا نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر بێهیزی پەیوەندی لەگەڵ ڤالڤێردی ڕاهێنەر دەربڕی و ڕایگەیاند کە بارودۆخەکەی ئێستای بەدڵ نییە نازانرێت کە ئێستر تا چەند ئەو ڕاهێنەرە بەشداری یارییەکانی پێدەکات.

هەروەها راکیتیچ گوتی: ئێستا ڤالڤێردی قسەم لەگەڵ ناکات، هەموو ئامانجەکان وام لێدەکەن کە ببر لە ڕۆیشتنی کەتالۆنیا بکەمەوە، چونکە ئەوەی بەرامبەرم دەکرێت مایەی قبوول نییە.

لیڤەرپوول پێشەنگی پریمەرلیگ قایمتر دەکات



سۆلین سلێمان

یانەی لیڤەرپوول توانی سەرکەوتن بەسەر یانەی لیستەر ستی بهێنێت بە تۆمارکردنی 4گۆڵی بێ وەلام، وتوانیان پێشەنگی پریمەلیگ زیاتر قایم بکەن.

هەر یەک لە یاریزانە بەرازیلییەکان توانیان خاڵی زۆر باش بۆ یانەکەیان تۆماربکەن، لە گێمی یەکەم دا فێرمینیۆ گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، دواتر لە خولەکی 78-74-71- هەر یەک لە یاریزان جەیمس میلنەر بە لێدانی سزا و فێرمینۆ و ئارنۆلدەوە توانییان 3گۆڵی دیکە بۆ یانەکەیان تۆماربکەن.

جێی باسە ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە 4681ی ڕۆژی 12/11/2014دیمانەیەکی لەگەڵ ئەو شەترەنجزانە ئەنجامدا و مانشێتی ئەوکاتی دیمانەکە بریتی بوو لە (دەیەوێت ببێتە بەهێزترین ئافرەت لە جیهان).

لەگەڵ یانەی لیستەر ستی بۆ 13خاڵ بەرزکردەوە، هەر ووەها ئەم سەرکەوتنەی لیڤەرپوول زیاتر بۆ لێهاتوویی ئارنۆلدی یاریزانە بەرگریکارەکەی دەگەڕێتەوە، کە ئاستێکی بەرزی لەم یارییەدا پێشکەشی کرد.



ڕۆنالدۆ دیۆکۆڤیچی فڕێری فڕین و پازدان دەکات

ئەو پارچە ڤیدیۆیەی کریستیانۆ ڕۆنالدۆی ئەستێرەی یانەی یۆڤی و دوڤاک دیۆکۆڤیچی تێنسزانی بەناوبانگ بڵاوکرایەوە کە بەیەکەوەن لە یەکێ لە هۆڵە وەرزشییەکان، کە تیایدا دەردەکەوێت ڕۆنالدۆ ئەو تینسزانە فێری ئەوە دەکات چۆن بفڕێت و پازبدات، بەتایبەتیش دوای ئەو گۆڵە بەناوبانگەی خولی ئیتاڵیا کە لەیانەی سامپەدۆریای تۆمارکرد.

ئەم پارچە ڤیدیۆیە زۆرترین بینەری هەبووە و چەند گرتەیەکی تێدایە کە ڕۆنالدۆ چەند جارێک دەمنی فڕین و پازدانەکەی لەپێش دیۆکۆڤیچ دووبارە دەکاتەوە و ئەویش لاسایی دەکاتەوە و هەوڵی فێربوونی خۆی دەدات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پشتی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun.29. Dec. 2019 No: (5900)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

باس لە چارەنووسی کوردی پەنابەر دەکات لە ئەڵمانیا

دیلان هەڵۆ بەرزنجی کارەکتەری سەرەکی فیلمی (دووبارە گەڕانەوە) بۆ «خەبات» دەدوێ





«شاباز لە نێو خەڵکی ڕادیکاڵ و دەوڵەتی دیموکراتی و دادگای بێلایەن دا دەبێتە قوربانی»

ساسان دەروێش - ئەڵمانیا

فیلمی دووبارە گەڕانەوەی ئازیزم، یەکێک بوو لە ڕیزبەندی هەڵبژێردراوی فیلمەکانی فیستیڤاڵی جیهانی دیکۆمێنتاری ئەمستردام کە لە دەرهێنانی هونەرمەندێکی ئەڵمانی و ناوەڕۆکی چیرۆکێکی پڕ لە تراژیدیای ڕاستەقینەی کوردێکە بەناوی شاباز لە تاراوگە دەگێڕیتەوە، کە کارەکتەری سەرەکی دیلان هەڵۆ بەرزنجەیە و خەڵکی شاری سلێمانیە ونیشەجێتی شاری بەرلینە، خوێندنی هەر لەو شارە تەواوکردوە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە وەک ئەندازیارێکی کۆمپیوتەری ئابووری، هەروەک دیلان خۆی گوتی: بۆ بەشداریکردن لەو فیلمە، سەرەتا لە ڕێی هاوڕێیەکەوە داوای لێکرا وەک کوردێکی باشووری کوردستان کە خۆی یان بنەماڵەکەی پاشخانی پەنابەرییان هەبێت، بۆ گێڕانی ڕۆڵی شاباز، دیارە ئەمەشی بۆ ئەوەکرد کە خزمەتە بەکورد وکوردستان لە ڕێگەی گێڕانەوەونیشاندانی چارەنووسی دڵتەزێنی کوردێکی پەنابەر بەهەست ونەستی خۆیەوە ئارەزووی بەشداری کرد، بەڵێ حەزوباوەڕی بەشداربوونەکەی لە کارێکی هونەری وگەیاندنی پەیامێکی کوردانەدا بەرجەستە بوون ئەمەش وایکرد دیلان بەعەشقێکی گەورەوە بەشدار بێت ، تائێستاش بەپێی دوای خوێندنەوەی چیرۆکی فیلمەکە، دیلان پەسەندی کرد و دوای ماوەیەک پڕۆژەکەکردن بەسەرکەوتووی کارەکەی ئەنجامدا، دیارە ئەمەشی بۆ ئەوەکرد کە خزمەتە بەکورد وکوردستان لە ڕێگەی گێڕانەوەونیشاندانی چارەنووسی دڵتەزێنی کوردێکی پەنابەر بەهەست ونەستی خۆیەوە ئارەزووی بەشداری کرد، بەڵێ حەزوباوەڕی بەشداربوونەکەی لە کارێکی هونەری وگەیاندنی پەیامێکی کوردانەدا بەرجەستە بوون ئەمەش وایکرد دیلان بەعەشقێکی گەورەوە بەشدار بێت ، تائێستاش بەپێی دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە گوتی : باس لە چارەنووسی کوردێکی پەنابەر دەکات لە ئەڵمانیا ، کوردێکە ناوی شاباز بووە، باری دەروونی تەواو نەبووە وگرفتاری نەخۆشی پەرکەمیش بووە، دەکرێ بڵێین هەر بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی ڕووە و ئێستا بۆتە قەڵای ڕاستڕەوە ڕادیکاڵەکان و حیزبی دژە بێگانە و ڕاستڕەوی، دوای هەوڵێکی زۆر و کێشەی لێک تێنەگەشتن، کوردە بتڵێ شەراب دەگرێ بەدەستییەوە بۆ ئەوەی لەپاڵ کارتی تەلەفۆنەکەدا بیکڕێ، دەمەقاڵێ بەردەوام دەبێت، تا لەناکاو 3 کەسی کەتەی زل دێنە پێشەوە و پەلاماری شاباز دەدەن و لێی دەدەن و بۆ ماوەی 25 خولەک بە داربکەوە دەیبەستنەوە تا پۆلیس دەگاتە جێ تاوانباران ناگیرێن، چونکە پۆلیس لە هەمان گرووپی ڕاستڕە و نزیکە و خەڵکی شارۆچکەکەش بەردەوام خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەردەبڕن بەرامبەر بەدادگا و پۆلیس، لەسەر ئەو گازندەیەی لە 3 کەسەکە کراوە و داوای ئەوە دەکەن سزا نەدرێن، سەر ئەنجام هەروا دەردەچێ لە ژێر گوشاری خەڵکەکەدا دادگا بڕیاری بێتاوانی 3کەسەکە ڕادەگەیەنێ، بەم جۆرە چارەنووسی شاباز لە نێو خەڵکی ڕادیکاڵ و دەوڵەتی دیموکراتی و دادگای بێلایەن دا دەبێتە قوربانی و چ فریاد ڕەسێک لەو کوێرەوەریە ڕزگاری ناکات، بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانی شارەکە، دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە گوتی : باس لە چارەنووسی کوردێکی پەنابەر دەکات لە ئەڵمانیا ، کوردە ناوی شاباز بووە، باری دەروونی تەواو نەبووە وگرفتاری نەخۆشی پەرکەمیش بووە، دەکرێ بڵێین هەر بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی ڕووە و ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا جارانە ، کە ئێستا بۆتە قەڵای ڕاستڕەوە ڕادیکاڵەکان و حیزبی دژە بێگانە و ڕاستڕەوی، دوای هەوڵێکی زۆر و کێشەی لێک تێنەگەشتن، کوردە بتڵێ شەراب دەگرێ بەدەستییەوە بۆ ئەوەی لەپاڵ کارتی تەلەفۆنەکەدا بیکڕێ، دەمەقاڵێ بەردەوام دەبێت، تا لەناکاو 3 کەسی کەتەی زل دێنە پێشەوە و پەلاماری شاباز دەدەن و لێی دەدەن و بۆ ماوەی 25 خولەک بە داربکەوە دەیبەستنەوە تا پۆلیس دەگاتە جێ تاوانباران ناگیرێن، چونکە پۆلیس لە هەمان گرووپی ڕاستڕە و نزیکە و خەڵکی شارۆچکەکەش بەردەوام خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەردەبڕن بەرامبەر بەدادگا و پۆلیس، لەسەر ئەو گازندەیەی لە 3 کەسەکە کراوە و داوای ئەوە دەکەن سزا نەدرێن، سەر ئەنجام هەروا دەردەچێ لە ژێر گوشاری خەڵکەکەدا دادگا بڕیاری بێتاوانی 3کەسەکە ڕادەگەیەنێ، بەم جۆرە چارەنووسی شاباز لە نێو خەڵکی ڕادیکاڵ و دەوڵەتی دیموکراتی و دادگای بێلایەن دا دەبێتە قوربانی و چ فریاد ڕەسێک لەو کوێرەوەریە ڕزگاری ناکات، بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانی شارەکە، نیگەران دەبێت بەو بارودۆخەو داوای دادگایی و گرتنی کەسەکان دەکات، کەچی خەڵکی شارۆچکەکە هێندە گوشار وهەڕەشە لە ناوبراو دەکەن، ئەویش لە ترسا تووشی شۆک و خەمۆکی دەبێت و خۆی لە کێشەکە دوور دەخاتەوە، دواجار شاباز ڕۆژێ، لە دارستانێک لە سەرما ڕەق دەبێتەوە و دەمرێ، ئەم حاڵەتی مردنە لە فیلمەکەدا نییە ، لێ ڕوو داو بەسەر هاتەکە ڕاستەقینەیە، هەروەها دیلان هەڵۆ بەرزنجەیی کارئەکتەری سەرەکی فیلمەکە لە دریژەی قسەکانی گوتیشی : تراژیدیای مەرگی شاباز ئاوێنەیەکی باڵانمای کۆیرەوەری و بندەستی و ئازار و ژانی نەتەوەکەیەتی دواجار مەرگی شاباز هەندێ وێژدان دەجوڵێنێ، لەوانە دەرهێنەری فیلمەکە (Mario Pfeifer) کە خۆی بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەو شارۆچکەیە وهونەرمەندە، ئەم ڕوودواوە بە قوواڵی کار لە هەست ونەستی دەکات وفیلمێکی کورتی دیکۆمێنتاری بەناوی دووبارە وە لێ بەرهەم دێنێ، واتە دووبارە گەڕانەوەی ئازیزم، لە کۆتایشدا دیلان هەڵۆ بەرزنجەیی گوتی : پێش ماوەیەک لە بەرلین فیلمەکە نیشان دراو کۆمەڵێ گفتوگۆی گەرمی لەسەر کرا.

خانەقینیەکان کۆتا مالئاواییان لە پیری وێنەگرانی شارەکەیان کرد



خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

گروپی ئەڵوەن گرافی کە گروپێکی مەدەنی ڕێگە پێدراوی سەربەخۆیە لە شاری خانەقین بە هاوکاری کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی و هونەرمەندانی خانەقین لە لەمبارەیەوە سەربەست بەرزۆ بەڕپرسی بەشی چالاکی و ڕاگەیاندنی گروپی ئەڵوەن گرافی تایبەت بۆ خەبات وتی چاوپریانی عەزیز پشتیوان گردبونەوە و کۆتا مالئاواییان لە حاجی سالح باجەلان پیری وێنەگرانی خانەقین کرد. : زۆر بەداخەوە جەند ڕۆژێک پێش ئێستا پێاوە گەورە و خۆشەویستەکەی شاری خانەقین حاجی سالح شاجەلان پیری وێنەگرانی خانەقین کۆچی دوایی کرد ، ئێمە وەک گروپی ئەڵوەن گرافی بەهاوکاری کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووس وهونەرمەند و چالاکی مەدەنی لە چواڕیانی مامۆستا عەزیز پشتیوان گرد بوینەوە و مالئاوایی خۆمانمان لە پێاوە مەزنەکەی خانەقین کرد، کە بەڕاستی حاجی سالح باجەلان نەک تەنها بۆ خۆی ئەرشیفی شار بوو بگرە مێژووی خانەقین بوو ئێمەومانان زۆر شتی لێوە فێر بوین، جێگەی داخە کە لەدەستماندا ، هەمو خانەقین بەداخە بۆ حاجی سالح باجەلان .

دایکی 10 کوڕە و حەزی لە کچێکە



دوای ئەوەی بوو بە خاوەنی 9 کوڕ ئەو ئافرەتە ئێستا دووگیانە و چاوەڕوانی منداڵی دەیەمی دەکات. ناوبراو تا ئێستا نازانێت، کە منداڵەکەی کوڕە یان کچ، بەڵام بڕیاریداوە تا نەبێتە دایکی کچێک واز لە منداڵ بوون بێنێت.



من کوردم

نوێترین بەرهەمی پەرواز حسێن دەبێت

هەمزە سەرحان

خانمە گۆرانیبێژ "پەرواز حوسێن" ، بەمزووانە نوێترین گۆرانی خۆی بەناوی (من کوردم)بڵاوەدکاتەوە.پەرواز، لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئینستاگرام) لە ناو ستۆدیۆ لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکەی ڕوونکردنەوەیەکی بە شێوەی ڤیدیۆ بڵاو کردووەتەوە و نوسیویەتی"نوێترین گۆرانییم بە ناوی (من کوردم) تۆمار کردووە، گۆران سالح، تێکست و ئاوازی گۆرانییەکەی ئامادە کردووە".دەشڵێت"دڵنیام گۆرانییەکەتان بە دڵ دەبێت، چونکە کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون کاری بۆ گۆرانییەکە کردووە".پەرواز حوسێن، هاوسەری هونەرمەند گۆران سالح، چەند کارێکی هونەریان پێکەوە بڵاو کردووەتەوە، لە هەرێمی کوردستان و وڵاتە عەرەبییەکاندا هەواداریکی زۆری هەیە.